YADNAMA
یادنامە

خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەممەد ئالانی

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

ژمارەی ٧٠ی ئازار ٢٠٢٥ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.70.March.2025

# ئەردۆغان و نەورۆز و پرۆسەی ئاشتی و خەباتی فەرهەنگی کورد

**یادنامە**

حیزبە سەرکییەکانی ناو تورکیا هەرکات گەیشتبنە دەسەڵات و ناکۆکییەکانیان قوڵ بو بێتەوە ، کارتی کورد بەرامبەر یەکتر بەکاردەهێنن ،وەک دەستەڵاتی قوڵ و هێزی ئەرگەنەکۆن لەسەروی ناکۆکی ناوخۆییەوە کار لەسەر سود وەرگرتن لە کورد و پەکەکە دەکەن وەک دوژمنێکی پێویست ، لە ئێستادا کە ناکۆکی نێوان ئیمام ئۆغلۆ و ئەردۆغان لە لوتکەدایە ئەردۆغان پێشتر کاری لەسەر کورد و ناسیونالیستەکانی تورک کرد تا بتوانێ ڕوبەڕوی ئۆغلۆ بێتەوە ، بەهەمو ناکۆکییە ناوخۆییەکانی تورکیاوە کورد لە تەواوی ناوچەیی و جیهانیدا ئامادەگییەکی تەواوی هەیە و کورد کەوتوەتە ناو بازنەی بەرژەوەندی گرێدراوی جیهانییەوە بە تایبەت دوای ڕێککەوتنی ئەمریکا و ڕوسیا ، خۆ ئەگەر ئەمریکا دۆستەکانی وەک سعودیە و وڵاتانی خلیج نەوت و ئابوری بێت ئەوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تاکە هێزێ کە کارتی بەهێزی ئەمریکا بێت لەڕوی سەربازی و جەنگەوە کوردە ، بۆیە بۆ ناوخۆی تورکیاش لەنێوان ململانێی هێزەکاندا ئەگەر بۆ کاتی کورد بەکار بهێنن ئەوا لەسەر ئاستی جیهانی لەڕوی سەربازی و فەرهەنگییەوە بوەتە ئەمری واقع و ناتوانن وەک جارەکانی تر و سالانی ڕابردوو کورد کارت بێت و کە کاریان پێ نەما پەراوێزی بخەن ، بەکورتی هەر هێزێک لەناو تورکیا دەستەڵات وەربگرێ دەبێت وەک ئەمری واقع لە کێشەی کورد بڕوانی و ناتوانی دوای کارپێنەمانی پەراوێزی بخات .

لە ئێستادا لە دوو پارچەدا کورد ئازادە و چەک و زمان و حکوم و خاک و جوگرافیایی هەیە و وڵاتانی دنیا بەرژەوەندییان لەگەڵی هەیە ئەوەی ماوەتەوە ڕۆژهەڵات و باکورە ، کە ئەگەر لەم دوو پارچەدا خەباتەکانی چەکداری و سیاسی و پەرلەمانی و ڕێکخراوەیی قەدەغە بێت ئەوا خەباتی فەرهەنگی وەک جێگرەوەیەکی بەهێزی خەباتەکانی تر توانیویەتی بونی خۆی بسەلمێنێ.

لە نێوان ئیمام ئۆغلۆ و ئەردۆغان هەرچییەک ڕوبدات تا دەگاتە دەستەڵاتەکانی ناو تاران و بەغداد و دیمەشق کورد بونێکی نەتەوەیی گەورەیە و بەرژەوەندی وڵاتانی دنیاش لەوەدایە پاڵپشتی ئەم بونە بکرێت.




# نەورۆزنامە

## قانع (1965-1898)


موبارەک بێ بە سەربەستی کە ئەمڕۆ جەژنی لاوانە
موبارەک بێ بەدڵخۆشی کە جەژنی میر و گاوانە
موبارەک بێ کە ئەم نەورۆزە جەژنی میللەتی کوردە
موبارەک بێ بەدڵخۆشی کە جەژنێکی قەدیمانە
برا ئەم ڕۆژە ڕۆژێکە کە جەژنی میللەتی کوردە
برا ئەم ڕۆژە ڕۆژێکە کە فەخری هۆزی کوردانە
لە نەورۆزا بوو کەیخەسرەو چووە سەر تەختی ئێرانی
هەر ئەم نەورۆزەیە ڕۆژی جلووسی شا کەریم خانە
لە نەورۆزا بوو کاوە، مێشکی زەححاکی کە دەرهێنا
هەر ئەم نەورۆزەیە ڕۆژی فتووحاتی هەڵۆخانە
لە نەورۆزی هەزار و بیست و پێنجی هیجریا بوو خۆ
لە شاری «زەڵم» خان ئەحمەد چووە سەرتەختی شاهانە
قڕی خستە «قزڵباش» و شکانی هێزی «تەهماسیب»
تەماشای بەندی مێژوو کە بە ڕووناکی نمایانە
دەسا گوێڕاگرە میللەت کە چۆن ئێستاکە داماوی
لەداخی سەر کزی تۆیە کە قانع جەرگی بریانە
دەسا چاکت بەلادا کە لەمەیدانی فیداکاری
بەرابەر دوژمنت هەردەم بنرکێنە بە شێرانە
دەسا ڕاستۆ بن ئەی میللەت هەتاکەی مات و بێ هۆشن
لەبەرچی خاکی نیشمانت لەبۆ تۆ کونجی زیندانە
لەبەر چی لاوی خوێن گەرمت پەشێو و مات و بێ ڕەنگە
لەبەرچی گەنجی هۆشیارت لەبەر تۆ جەرگی داغانە
لەبەر چی کەوڵی خۆت ئەمڕۆ وەکوو ڕێوی بە کوشتی دای
بەدەس خۆتە سووتاوی تەداویت سەهل و ئاسانە
پشتی یەک بگرن لە دڵ دەرکەن ڕقی یەکتر
... خەمی یەکتر بناڵێنن بە مەستانە
برا بن غایەتان یەک بێ برایی غایە یەک بوونە
ئەوەی کۆمەک بەبیرت بێ لەهەر لا بێ براتانە
بڵێ لاوێ وەکێڵم بێ کە هاوبیر و کە هاوخوێنە
بڵێ لاوێ وەکێڵم بێ کە وەک من جەرگی داغانە
بڵێ لاوێ وەکێڵم بێ وەتەن نەفرۆشێ بۆ پارە
بڵێ لاوێ وەکێڵم بێ لە بۆ من هەر لە گریانە
دە قانع سەرکەوە بۆ سەر منارەی بەرزی ئامانجت
لەوێدا بانگی مللی دە و بڵێ وا ڕۆژی نیشتمانە


نەوشیروان مستەفا: با کەرکوک بکەین بە پایتەختی هەرێمی کوردستان ... ل٢
چەند سەرەقەڵەمێک لەبارەی "نەورۆز"ەوە ... ل٣
کتێبی (سەلاحەدینی ئەیوبی، پرسی کوردبون) ... ل٤
کۆمەڵکوژی کورد لە کۆبانێ ... ل٥
ڕاپەڕینی کەرکوک لە بەڵگەنامە پارێزراوەکانی نەوشیروان مستەفادا ... ل٦
سیناریۆی فیلمێکی جیهانی ... ل٨
دەرهێنەرێکی کورد دەبێتە براوەی خەڵاتی باشترین فیلمی دۆکیومێنتاری لە پۆڵەندا ... ل٩
پەروەردە مرۆڤێک بەرهەم دەهێنێت کە شایستەی ژیان بێت ... ل١١
نەورۆز نامە ... ل١٢
عەلی محەممەد چوارتایی ... ل١٣

# نەوشیروان مستەفا: با کەرکوک بکەین بە پایتەختی هەرێمی کوردستان

زەمەن:
لە سەروبەندی دانانی پلانی رزگارکردنی کەرکوکدا، نەوشیروان مستەفا بروسکەیەکی گرنگ بۆ مام جەلال دەنێرێت و پلانی خۆی دەخاتەڕوو بۆ ئەوەی کەرکوک بکرێتە پایتەختی هەرێمی کوردستان، بودجەی هەرێم رێکبخرێت و ئەنجومەنێکی جێبەجێکردنی کاتی دیاری بکرێت تا هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.
دوای ئازادکردنەوەی هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان، بەرەی کوردستانی بە پلانێکی پێشتر دارێژراو، بڕیار دەدات کەرکوک و موسڵ پێکەوە ئازاد بکاتەوە، هێزەکانی دهۆک و زاخۆ بەسەرپەرشتی مەسعود بارزانی بۆ رزگارکردنی موسڵ، هێزەکانی سلێمانی و هەولێریش بۆ رزگارکردنی کەرکوک بە سەرپەرشتی راستەوخۆی نەوشیروان مستەفا کۆدەکرێنەوە و بەسەر میحوەرەکاندا دابەش دەکرێن بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە.
نەوشیروان مستەفا دەچێتە پردێ و هێزەکان دابەش دەکات، سەرەتا بڕیاربوو شەوی 16/15ی ئادار، هێرشەکانی دەست پێبکات، بەڵام بەهۆی بەرفراوانی بەرەکانی شەڕ و هۆکاری دیکەوە پلانەکە دوادەکەوێت.
لەوکاتەدا و پێنج رۆژ پێش رزگارکردنی کەرکوک، نەوشیروان مستەفا کە راستەوخۆ سەرپەرشتی پرۆسەکەی دەکرد، بروسکەیەک بۆ مام جەلال دەنوسێت و داوا دەکات هەرچی زووە لە شام بگەڕێنەوە و کەرکوک بکەن بە پایتەختی هەرێمی کوردستان، ئەمەش دەقی بروسکەکەیە:
لە نەوشیروان مستەفاوە
بۆ مام جەلال
1991/3/15
1- زۆرم پێ خۆشەو باشە هەرچی زوترە بگەڕێنەوە.
2- ئەمشەو زەماوەندی ئازادی کەرکوک دەست پێ ئەکاو هیوادارم زۆر نەخایەنێ تەواو بێ و بیکەین بە عاصمەی ئیقلیمی کوردستان.
3- وەزعی ژیانی خەڵک زۆر خراپە بۆ خواردن و سوتەمەنی و پارە .
4- لەمەولا ئەبێ بیر لە میزانیەی ئیدارەی کوردستان و فەوجەکانی دیفاعی وەتەنی بکەینەوە، کە میزانیەی زۆر گەورەی ئەوێ .
5- پاش گەڕانەوەتان پێویست ئەکات مجلیس تنفیزی موقت دابنرێ بۆ ئیدارەی کوردستان تا کاتی هەڵبژاردنی گشتی بۆ پەرلەمانی ئیقلیمی کوردستان .
6- مقەڕی خۆمان و جبهەی کوردستان لە مصیف صلاح الدین و سەری ڕەش دائەنێین، ئێستە خۆم لە مصیفم و جێگەی هەموان ئەبێتەوە.
بەپێی گێڕانەوەی پێشمەرگە و شایەتحاڵەکان، چەند جارێک پێشمەرگە بە جیاو شەڕی قورس و لە قۆڵی جیاوازەوە دەچنە ناو کەرکوکەوە، تا شەوی 19ی ئاداری 1991 هێزی پێشمەرگە بە پشتیوانی خەڵکی کورکوک لە هەموو بەرە و قۆڵەکانەوە دەچنە ناو کەرکوکەوە، شەوی نەورۆز نەوشیروان مستەفا مژدەی رزگارکردنی کەرکوکی لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە بە هاوڵاتیانی کوردستان دەگەیەنێت.
لە بیرەوەرییەکانیدا نەوشیروان مستەفا نوسیویەتی: رۆژێک لە ژیانیدا لەو رۆژە خۆشتر نەبووە، لەکاتێکیشدا لەناو کەرکوک هەر خەریکی گەڕان بوون، لەسەر بۆنیتی ئۆتۆمبێلەکەیەوە مژدەی ئازادبوونی کەرکوک دەنوسێت و رەوانەی ئێستگەی دەکات بۆ خوێندنەوەی.

سەرکەوتی جیهاز، کە یەکێکە بووە لە عەدەد جیهازەکانی سەردەمی شاخ و زۆرینەی بروسکەکانی دیکۆمێنت کردووە، ئەو بروسکەیەی بڵاوکردوەتەوە
*کەناڵی سبەی





نیشتمانی خەون ! ---- ٢٠١٩/٢

ئەی خەونە بێ باکەکە
من دەتبینم ، تۆ نامبینی
دەووەرە دەی بۆم بێنەوە
حەقیقەتی لەمێژینەی دەریای خەمی چاوەڕوانیم
تا خۆم نوقمی ناخت بکەم
تا حاڵی بی لە هەستی قوڵی نەرخەوانیم
دەبمبینە!
بۆ تۆ هەم وبۆ خۆم نیم
من ئێستاکە
مەرێکی وێڵ وپەراگەندەم
بەناو پانتایی ئاسمانی تودا گوزەر دەکەم
بۆ نیشتمانێک نەگەڕێم بمناسێ کێم
من لەناوتا نوقم بوم و
لە نیشتمانی خەونیشدا
بەناموبی دەڕۆم ودیم.

یادگار حەکیم

# چەند سەرەقەڵەمێک لەبارەی "نەورۆز"ەوە:

## سەربوردەی سرودی نەورۆز

نووسینی: مام جەلال

سەرچاوە:
گۆڤاری خاک.
ژمارە 36 ساڵی 2000

چۆنیەتیی دانانی ئاواز و چرینی سروودی ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە:

حەمە ساڵح دیلان دەگێڕێتەوە و دەڵێت

پێش هاتنی ڕۆژی نەورۆزی ساڵی 1948 مامۆستا برایم ئەحمەد کە تازە لە حیزبی (ژ.ک)ەوە هاتبووە ناو پارتی دیموکراتی کورد و کرابووە لێپرسراوی لقی ئەو حیزبە ویستی لە نەورۆزی ئەو ساڵەدا پارتی بەشداری بکا بەتایبەتی ساڵی 1948 بە ساڵی ڕاپەڕین ناسرابوو.

جۆرە ئازادی و سەربەستییەک لە عێراقدا هاتبووە ئاراوە کاک برایم پێی وتم:

حەمە ساڵح لەگەڵ خاڵەیا بەینتان چۆنە؟
مەبەستی پیرەمێردی شاعێر بوو منیش وتم:

بەینمان زۆر باشە و لەگەڵ باوکما، مەلا ئەحمەدی دیلان دۆستایەتییەکی باشی هەیە و جگە لەوە یەک دوو جاریش شیعرەکانمی بۆ دەستکاری کردووم و زۆریش حەزی لە دەنگمە

گوتی: کەواتە بڕۆرە لای و داوای لێبکە، کە بۆ نەورۆزی ئەمساڵ شیعرێکمان بۆ دانێ و بەڵکو بە هیممەتی تویس ئاوازێکی بۆ دابنێیت و لە ئاهەنگی ئەمساڵدا بە دەنگی خۆت بیڵێی

بەڵام نەکەی پێی بڵێی کە برایم ناردوومی

بۆ ئێواریٚ منیش هاتمە بەردەم دوکانەکەی حەمە سەعی خەیات کە نزیک ئەم چایخانەی شەعبەی ئێستا بوو ئەبینم خاڵە لەگەڵ چەند دۆستێکی خۆی لە دوکانەکە پێکەوە دانیشتوون

هەر چەندە دونیا زۆریش سارد بوو بەڵام من لەبەردەم ئەو دوکانەیا ڕاوەستام

کاتێ خاڵە هاتە دەرەوە و ئێوارە باشێکم لێکرد

پێی وتم ساڵە ئەڵێی ئیشێکت پێمە؟

وتم بەڵێ ئەمەوێ شیعرێکی تازەم بۆ نەورۆزی ئەمساڵ بۆ بنووسی کە خۆم ئاوازی نبۆ دائەنێم و لەو ئاهەنگایا ئەیڵێم

ئینجا گوتی هەرچەندە درەنگە وەختە و سەرماشە بەڵام با شیعرەکەت بۆ بنووسم

ئیتر من ئەوە نەبوو شاگەشکە بم و دەستبەجێ کاغەزەم بۆ دەرهێنا کە لەوەوبەر لە ناوڕاستی دەفتەرێکدا دەرمهێنابوو

خۆیشی قەڵەمەکەی لە گیرفان دەرهێنا و لەسەر پاکەتە جگەرەیەک دەستی کرد بە نووسینەوەی بەبێ ڕاوەستان تەنیا ئەوە نەبێ جار جار لەبەر سەرما فوویەکی ئەکرد بە دەستیا

کە لێبووەوە بۆی خوێندمەوە وتی نابێ کەس لێت ببیستێ

وتم نەخێر

ئیتر خواحافیزیم لێکرد و یەکسەر چوومە ماڵی کاک برایم و شیعرەکەم دا پێی کە خوێندییەوە گوتی ئەی ماڵت بە قوڕ نەگیرێ خاڵە بۆ خۆت و ئەم شیعرە جوانە



دیلان وتی بە قەبری باوکم سێ جار ئەو شیعرەی خوێندۆتەوە کە جار لەدوای جار لەبەرچاوی خۆشەویستتر ئەبوو

ئینجا پێی گوتم حەمە ساڵح بتبینم

بزانم چۆن ئاوازێکی بۆ دائەنێی؟ پاش خواحوفیزی لە مامۆستا برایم و بەڕێی گەڕانەوەما بۆ ماڵی خۆمان هەر بەدەم ڕێگاوە خەریکبووم شیعرەکە لەبەرکەم

کە گەیشتمەوە ماڵەوە شیعرەکەم بۆ قادری برام خوێندەوە ئەویش شیعرەکەی زۆر بە دڵ بوو

پێم وت ئەمەوێ هەر ئەمشەو ئاوازی بۆ دابنێم ئەبێ تۆش یارمەتیم بەیت

ئەو شەوە بەسەر دە ئاواز زیاتردا بازمدا تا لە بەرەبەیانا بەسەر ئەم ئاوازەی ئێستادا کەوتم و هەروەکو شێت قادرم لە خەو هەڵسان و گوتم گوێبگرە قالە

کە دەستم کرد بە گوتنی ئەویش زۆر بە دڵی بوو

ئیتر لەگەڵما دەستی کرد بە کلارنێت لێدان

ئەوە بوو هەر لەبەرەبەیانەوە تا ڕۆژ بە تەواوی بەرز بووەوە ئەوە من و قادر خەریکین

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە لە ماڵی ئێمەدا لە گەڕەکی قەزازەکان دەنگی ئەدایەوە

ئیتر نازانم ئەو ڕۆژەش تا شەو چەند جارم گوتووە

شەو کە چوومەوە بۆ ماڵی کاک برایم و سروودەکەم بۆ خوێندەوە کاک برایم بڕیاری دا کەسبەینێ ئێوارە ئەم سرودە ئەبێ بە دەسبێکەری ئێوارەی جەژنی نەورۆز.

-------------------------

پاشان لە نەورۆزی ساڵی ١٩٥٨

بۆ دووەم جار ئەم سرودە بە مۆسیقاوە ئەوتریێتەوەو تۆمار ئەکرێ لە ماڵی مامۆستا


شێخ محەممەدی خاڵ کە پاشان بووە بارەگای نوسەرانو ئەدیبانی کورد.

مۆسیقیەکان

کەمانچە قادر دیلان

عود ولیم یۆحننا

# کتێبی (سەڵاحەدینی ئەیوبی، پرسی کوردبون) لەنوسینی د.مەجید ساڵح بڵاوکرایەوە




کتێبی (سەڵاحەدینی ئەیوبی، پرسی کوردبون) کە دکتۆر مەجید ساڵح نوسیویەتی و دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان چاپ و بڵاوی کردوەتەوە ژانرەکەی لێکۆڵینەوەی مێژوییە.

نوسەر دەڵێ؛ ئەو کاتەی سەلاحەدین گەمارۆی قودسی دا، هەشتا و هەشت ساڵ بەسەر داگیرکردنیدا تێدەپەڕی، پێشتر لە ١٤ی تەمموزی ١٠٩٩ ئەهلی خاچ لە ئەوروپاوە هاتبون و پەلاماری شاری قودسیان دابو، زۆر بە ئاسانی داگیریان کردبو.

کاتێک سەڵاحەدین چوە ناو قودسەوە و ڕزگاری کرد، بە فەرمانی ئەو تاقە ماڵێک تاڵان نەکرا، یەک کەس خوێن لە پەنجەی نەهات، پاسەوانان بە شەقامەکاندا دەگەڕان و نەیاندەهێشت دەستدرێژی بکرێتە سەر مەسیحییەکان.

دو پۆل خەڵک لە بەردەم دەرگای شارەکە ڕیزیان بەستبو، ئەوانەی پارەیان دەدا بە ئازادی دەڕۆیشتن و ئەوانەشی پارەیان نەبو، دەبو ببونایەتە کۆیلە. عادل، سەیرێکی سەڵاحەدینی کرد و داوای کرد لە بەرامبەر ماندوبونەکانیدا هەزار دانە لەو کۆیلانەی پێ بدات، سەلاحەدین ڕازی بو، کە وەری گرتن ئازادی کردن.

ئەم کتێبە دەربارەی ڕۆڵی سەڵاحەدین ئەیوبی دەدوێت لە چێبونی ناسنامەی نەتەوەی کورددا، ئەوە دەردەخات چۆن کەسایەتییە گرنگە کوردەکان کاریان کردوە بۆ دیارخستنی نەتەوەکەیان.

دەستکەوتەکانی سەڵاحەدینی ئەیوبی بەڵگەن کە کورد ڕۆڵی گرنگی بینیوە لە سەرخستنی و گەیاندنی پەیامی ئیسلامدا، لە وێژەی کوردی و ئاستی ڕامیاری کوردیدا سەلاحەدینی ئەیوبی وەک کەسایەتییەک هێمای بۆ کراوە کە هێزی کوردی یەکخستوە.

ئەم کتێبە بە چەند بیرێکی نوێ ئاشنامان دەکات لەبارەی ئەو کەسایەتییە مەزنەوە و پشتی بە چەندین سەرچاوە بەستوە بە زمانەکانی "عەرەبی، ئینگلیزی، کوردی" و چەند سەرچاوەیەکی لاوەکیش پشتی پێبەستراوە کە لە شوێنی خۆدا ئاماژەیان پێدراوە.

لە دوتوێی کتێبەکەدا شەش بەش بونیان هەیە، بەم ناونیشانانە:

بەشی یەکەم: کورد پێش دەرکەوتنی ئەیوبییەکان

بەشی دوەم: دەرکەوتنی بنەماڵەی ئەیوبییەکان

بەشی سێیەم: دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر

بەشی چوارەم: سەلاحەدین سوڵتانی میسر و شام و کوردستان (جەزیرە)

بەشی پێنجەم: ئەیوبییەکان دوای سوڵتان سەڵاحەدین

بەشی شەشەم: سوڵتان سەڵاحەدین و ناسیۆنالیزمی کوردی

هەر بەشێکیش لە چەند فەسڵێک پێکهاتوە، کۆتا فەسلی بەناوی "ئەگەر سوڵتان سەلاحەدین نەبوایە!"یە.

ئەگەر خوازیارن کتێبێکی پڕ لە زانیاری و هاوشێوەی ئینسایکلۆلپیدیا بخوێننەوە لەبارەی سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبییەوە و دەتانەوێت پێی ئاشنا بن و لە پرسی کوردبونی شارەزا بن ئەم کتێبەتان بۆ پێشنیار دەکەین.



سایتی زەمەن



# کورتە چیرۆک

## هێدی گەلاڵی

## چاویلکە

زیاد لە جارێک وا ڕێککەوتووە ئەو کچە قژ زەردە چاویلکە لە چاوە لە کوشنی دواوەی ئەو ئۆتۆمبێلە لاندکرۆزە ڕەنگ ڕەشەدا دانیشتوە. لەچاوەڕوانی ترافیک لایتەکەی نزیک زانکۆ وەستابوون سەیری دیمەنی ئەو دیو جامەکە دەکات بە ڕوخسارێکی گەشەوە خۆی دەنواند! هەموو جارێک

بە چاکەتی ڕەنگ جیاواز دەرکەوتووە ، بەڵام هەمان چاویلکە ڕەشەکەی لە چاو بووە! زۆر دڵی بەوە خۆش بوو کە چەندین جارە لە وەستانی هەمان ترافک کچەکە لە جامەکەدا سەیری دەکات! خۆشەویستییەکی یەک لایەنەی لا دروست ببوو! ڕۆژێکیان لەخۆی پرسی: ئەگەر ئەمجارە سوتفەی بینینی بکەمەوە چاودێری ئۆتۆمبێلەکە دەکەم بۆئەوەی ڕێ و شوێنی بزانم؟!

دوای چەند ڕۆژێک هەمدیس وەکو جارانی پێشوو لە هەمان ترافک وەستاوە ڕێک بە تەک ئۆتۆمبێلی ئەم. بە تەماشاکانی سەرسام ببوو نیگاو ڕامانەکانی خۆشەویستیەکی خەیاڵ ئامێزی لە دڵی دروست کردبوو، بۆیە بڕیاریدا چاودێری بکات ، دوای هەڵبوونی گڵۆپی سەوز هەردوو ئۆتۆمبێل پێکەوە دەرچوون بە هێواشی بێئەوەی ئەوان هەست بکەن بە دوایدا دەڕۆشت دوای چەند خولەکێک بینی خۆی کرد بە گەراجی زانکۆیەک ئۆتۆمبێلەکەی بە تەک ئۆتۆمبێلی ئەوانەوە ڕاگرت.

بۆئەوەی بە تەواوی کچەکە ببینێ کەمێک خۆی دواخست توشی سەرسوڕمان بوو کچەکە دانەبەزی تا شۆفێرەکە دابەزی و سوڕایەوە پشتەوە دەرگاکەی بۆ کردەوە دەستی گرت و بەرەو حەوشی کۆلێژ هێدی و لە سەرخۆ هەنگاویان دەنا کورەکەش لە دووری چەند مەترێک سەیری دەکردن بەو دیمەنە ڕەنگی پەڕی و لێدانی دڵی خێراتر بوو !

کاتێک بینی بە ئاراستەی بەشی کاروباری خوێندکاران ڕێ دەکەن هەڵوێستەیەکی کرد تا دوا چرکە سەیری کرد لەسەر کورسیەکی ڕەنگ قاوەیی دانیشاند و واژۆی لەسەر دەفتەرێکی گەورەی چوارگۆشەیی خەتدار کرد، دوای ڕۆشتنی شۆفێرەکە کورە خوێندکارەکە شپرزە ببوو بێئەوەی کچەکە ئاگای لێبێت بانگی فەرمانبەرێکی بەشەکەی کرد کە ناسیاوی خۆی بوو لێی پرسی : حەزدەکەم

ئەو کچە لە نزیکەوە بناسم!

فەرمانبەرەکە وتی: ئەو کچە چاوێکی کز و کەم بینایە لێرە فەرمانبەرە شتەکان بە تەڵخی دەبینێت!

هەفتەی سێ ڕۆژ براکەی هات و چۆی پێ دەکات!

کورەکە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو وتی : لە ئێستا بە دواوە زیاتر و زیاتر خۆشم دەوێت.

# کۆمەڵکوژی کورد لە کۆبانێ

## مەلا فەرمان محەممەد



بە درێژایی سەد ساڵی رابرد و تورکیا جگە لە نکۆڵیکردن لە بونی نەتەوەی کورد و دژایەتیکردنی پرسەکەی لە هەر قوژبنێکی کوردستان و دونیا بوبێ سڵی نەکردۆتەوە، ئەمشەویش لە شارە خۆراگرە داعش شکێنەکەی کۆبانێ کۆمەڵکوژی ئەنجامدا،بە درێژایی مێژوش دەسەڵاتدارانی تورک چەندین کۆمەڵکوژی و رەشەکوژیان دژ بە هاوڵاتیانی کورد ئەنجامداوە.. دیارترینیان:

١- کۆمەڵوکژی دەرسیم
ئەم رەشەکوژیە لە ١٩٣٨ رویدا و ٣٠٠٠٠ سیهەزار کەس بونی قوربانی
٢- کۆمەڵکوژی مەرعیش، ١٩٧٨ ، ژمارەی قوربانی ١٠٩ کەس
٣- کۆمەڵکوژی زیلان: ١٩٣٠ ، ٥٠٠٠ هاوڵاتی بونە قوربانی
٤- کۆمەڵکوژی گوشکۆنار: ١٩٩٤ ، ٣٨ گوندنشینی کورد لە ئەنجامی بۆردومانی گوندەکانی کۆچاغلی و گوشکۆناز لە پارێزگای شەرناخ بونە قوربانی.
٥- راگواستنی کورد لە ١٩١٦ ، لە پرۆسەیە نزیکەی ٤٠٠،٠٠٠ چوارسەد هەزار هاوڵاتی کورد گیانی لەدەستدا
٦- کۆمەڵکوژی درزین لە پارێزگای ئەرزنگان ١٩٣٨ ، ژمارەی قوربانیان ٩٥ کەس
٧- کۆمەڵکوژی موعلالی پارێزگای وان، ١٩٤٣ ، ژمارەی قوربانی ٣٣ کەس.
٨- کۆمەڵکوژی لجێ : دیاربەکر، ١٩٩٣ ، ٣٠ کەس بونە قوربانی
٩- کۆمەڵکوژی روبوسکی و قلایان ، ٢٠١١، پارێزگای شرنەخ
١٠- کۆبانێ ، ئەمشەو ، ١٦/١٧ -٣- ٢٠٢٥ ، زیاتر لە ٧ ئەندامی یەک خێزان ڤبونە قوربانی.

دەسەڵاتێک و عەقڵیەتێک ئەمە کاری خۆی و باوباپیرانی بێ و بوبێ، دەکرێ جێی بڕوا و متمانە بێ، لێی دەوەشێتەوە دەستێکی پاک بۆ ئاشتی و تەبایی و برایەتی بەرێ. دەسەڵاتێک ئامادە نەبێت دان بە قەوارەیەکی دەستوریدا بنێت کە دوای ٢٠٠٣ و نەمانی عەقڵیەتی بەعس لە عێراق دامەزرا. چ جیاوازیەکی لەگەڵ عەقڵیەتی بەعسدا هەیە.

باسکردنی ئاشتی و دەستدرێژکردن بۆ برایەتی کارێکی باشە، خزمەت بە پرسی مرۆڤایەتی دەکات، بەڵام دەبێت بزاندرێت لە گەڵ کێ باس لە پرۆسەی ئاشتی دەکەیت، لەگەڵ کەسێک دەتوانی تێکەی و فرکەی.

ئەمڕۆ لە تورکیا دەسەڵاتێکی ئیسلامی سیاسی ئیخوانی لە دەسەڵاتدایە، لەسەر زاری سەرۆکەکەیەوە بە ئاشکرا دژی مافەکانی کورد وەستاوەتەوە، ئامادە نیە وشەی کوردستان بەکاربێنێ، دانبنێت بە هەرێمە دەستوریەکەی لە عێراق دامەزراوە. کردەوە کۆمەڵکوژیەکانی خۆیی و باو باپیرانی لەبەر چاوە. ئەم دەسەڵاتە پیاوی ئاشتی نیە، بەڵام بۆ دەربازبون لەو فشارە جیهانیەی باس لە پرۆسەی گۆڕانکاری دەکات پەنای بۆ ئەم سیاسەتە دوسەرە و دورویانە بردوە.


لای بەندە جێی متمانە نیە. ئەوەی متمانەی پێدەکات تەنها ئەوانەن هاوشێوەی سەرانی حیزبی باشور و ئیسلامیە سیاسیە ئیخوانیەکانی کورد یان چاوەخوار کراون یان لە بەر کورسی و دەسەڵات و بازرگانیەتی.

بۆ ئەوەی کۆتایی بە پرۆسەی کۆمەڵکوژی کوردان بێت، ئاشتی لە کوردستان و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدیبێت، پێویست بەوەدەکات گەلی کوردستان بێنە شەقام و بە یەک دەنگی سەرتاسەری بڵێن" نا بۆ کۆمەڵکوژی، بەڵی بۆ ئاشتی، ژیان و ئازادی نەتەوەیی". کەی چاو، گوێچکە و زمانی خۆمان کرایەوە، کەی ئەم یەک دەنگیە رویدا جێی ئەوەیە بەدونیا بڵێین " ئێوە کەڕ و لاڵ و کوێرن".

سایتی زەمەن

# ئەرکی مامۆستایان لە ئێستادا

## چنار عەزیز




ئامانجی پەروەردە روونە، ئەویش دروستکردنی کەسایەتییەکی متمانە بەخۆبووە، ئەمەش جگە لە خێزان، مامۆستایانیش لێی بەرپرسیارن، کەواتە ئیشی مامۆستا تەنیا وانە گوتنەوە نییە و کەڵەکە کردنی مەنهەج نییە لەسەر فێرخواز، نە مامۆستا نە فێرخواز هیچیان ڕۆبۆت نین و تەنیا لە خزمەتی کتێب و وانەکاندا بن، چونکە مێشکی فێرخواز دەفری تێترنجانی بابەتەکان نییە بە تەنیا و تووتی ئاسا وانەکان بڵێتەوە، بەڵکو پرۆسەی پەروەردە بریتییە لە چێژ بینین لە جوانییەکان و خۆشییەکانی ژیان، بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەجوانی ماونەتەوە و هەردوولا لە فێرخواز و مامۆستا لەناو خێزانێکی پڕ لە خۆشەویستی و ڕێزەوە کەسایەتییان دروست بووە. لەبەرئەوە، ئەو چێژبینینە دەبێت لە پەیوەندی نێوان مامۆستا وفێرخوازدا وەک هاوڕێ بەرجەستە بکرێت و دووبارە بگوێزرێتەوە بۆناو کۆمەڵگە، بە پێشکەشکردنی دیاری وەک سوپرایز لەلایەن هەردوولاوە، بەتایبەتیتر لەلایەن فێرخوازەوە بۆ مامۆستا، ئەمەش وەک ڕێز و خۆشەویستی و وەفای فێرخوازە بۆ مامۆستاکەی، کەواتە پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخواز سەرچاوەی دروستبوونی متمانە بەخۆبوونە بۆ هەردوولا، وادەکات کە فێرخواز لەناخی خۆیدا ئەوەندە گرنگی پێ بدات و مەزنی بکات، ببێتە هۆی دروستبوونی متمانەیەکی بەهێز.

کەواتە فێرخواز تەنیا بەهۆی کەرەستەیەکی خوێندنەوە نابێت بە خوێندەوار و ڕۆشنبیر، کە ئەویش مەنهەجی خوێندنە، بەڵکو ڕۆشنبیری و خوێندەواری پێویستی بە هێزێکی دەروونی و متمانەیەکی بەهێز هەیە، تا بتوانێت ببێت بە کەسێکی لێهاتوو. ئەم جۆرە لە مەنهەجی خوێندن بەبێ بوونی چێژ بینین لە خوێندن وادەکات فێرخواز گومان لە هێز و توانای خۆی بکات و بپرسێ، چۆن بتوانێت ببێت بە کەسێکی خوێندەوار؟

لەبەرئەوە من هیچ کێشەیەک لەم بابەتەدا نابینم، کە فێرخواز دیاری ببەخشێت بە مامۆستاکەی، شیرینی، گوڵ، کارتێکی سوپاسگوزاری، کە ئەمە دیارییەکی سادەیە بەڵام پڕە لە سۆز و ڕێز کە فێرخوازان تیایدا هەستەکانیان دەردەبڕن، کتێب، گوڵدانێکی بچووک، قەڵەمێکی جوان، چونکە ئەم دیارییانە ڕێزی تێدایە نەک بەهای ماددی. بە پێچەوانەوە، ئەمە بۆ دڵخۆشی فێرخوازان و بۆ خۆشەویستی مامۆستاکەیە لەلایەن فێرخوازەکانییەوە، بەتایبەت لەم دۆخەی ئێستای پرۆسەی پەروەردە کە تا دێت بەرەو دارمان دەچێت. ترێندی لەم جۆرە پێویستە هەم بۆ ئارامبوونەوەی دەروونی مامۆستا و فێرخواز هەم بۆ ئاشتکردنەوەی فێرخواز بە پرۆسەی پەروەردە، واتا ئەو تۆران و نامۆبوون و لێکترازانەی لەنێوان فێرخواز و مامۆستا و پرۆسەی پەروەردەدا هەیە نەمێنێت. ئێمە دەبێت ئامانجمان ئەوە بێت ئەو پەروەردە کۆنەباو و چەقبەستووە نەهێڵین و بۆ پەروەردەیەکی دیموکراسیخواز و یەکسانیخواز و دادپەروەر بۆ هەمووان هەنگاو بنێین، بەو واتایەی ئەگەر ئەو ترێندە لەناو فێرگەی ئەهلی ئەنجام درابایە زۆر جێگەی دەستخۆشی بوو لەلایەن بەشێکی زۆری کۆمەڵگەوە، لەکاتێکدا ئامانجی فێرگە ئەهلییەکان بە بازرگانیکردنی پرۆسەی پەروەردەیە و بەرژەوەندییەکی ئابووریخوازانەیە تا زانیاری و مەعریفی، مەبەستمە بڵێم ئامانجیان گەشتێکی کورت خایەنە بەناو پرۆسەی پەروەردەدا، لەکۆتاییدا دەڵێم ئامانجی پەروەردە دەبێت بۆ خزمەتی فێرخواز بێت، سەنتەری پەروەردە فێرخواز و دڵخۆشکردنی دڵی فێرخواز بێت و بەدەوری فێرخوازدا بسووڕێتەوە، پەیوەندی مامۆستا و فێرخواز پەیوەندییەکی هاوڕێیانە بێت نەک لەسەر بنەمای ئاغا و کۆیلە، نەک فێرگە بەندیخانە بێت و کتێبیش چەکێکی بەزۆر هەڵگیراو بێت لەلایەن فێرخوازانەوە، کە بە دوژمنی خۆیانی بزانن.

# راپەڕینی کەرکوک لە بەڵگەنامە پارێزراوەکانی نەوشیروان مستەفادا




**دوای 34 ساڵ "سبەی" ژمارەیەک بەڵگەنامەی پارێزراوی ئەرشیفی نەوشیروان مستەفا لەبارەی راپەڕینی کەرکوک بڵاودەکاتەوە**

**لە بەڵگەنامەکاندا دەردەکەوێت، کە دوای بێ ئەنجامی چەند هەوڵێک بۆ ئازادکردنی کەرکوک، نەوشیروان مستەفا خۆی سەرکردایەتی (میحوەری) کەرکوکی وەرگرتووە و پلانی راپەڕین و ئازادکردنی کەرکوکی داڕشتووە**

**نەوشیروان مستەفا لەکاتێکدا لەناو کەرکوک بووە لەسەر بۆنیتی ئۆتۆمبێلەکەیەوە مژدەی ئازادبوونی کەرکوک دەنوسێت و رەوانەی ئێستگەی دەکات بۆ خوێندنەوەی**

**بەپێی سەرجەم بەڵگەنامەکان نەوشیروان مستەفا بە هاوکاریی ژمارەیەک بەرپرسی سەربازیی سەرپەرشتی راستەوخۆی راپەڕین و ئازادکردنەوەی کەرکوکی کردووە**

سبەی

دوای 34 ساڵ "سبەی" بۆ یەکەمجار بە پشبەستن بە ژمارەیەک بەڵگەنامەی پارێزراوی ئەرشیفی نەوشیروان مستەفا، زانیاری نوێ لەبارەی راپەڕینی کەرکوک بڵاودەکاتەوە.

لە بەڵگەنامەکاندا دەردەکەوێت، کە دوای بێ ئەنجامی چەند هەوڵێک بۆ ئازادکردنی کەرکوک، نەوشیروان مستەفا خۆی سەرکردایەتی (میحوەری) کەرکوکی وەرگرتووە و پلانی راپەڕین و ئازادکردنی کەرکوکی داڕشتووە و بەرپرسیارێتی ئازادکردنی شارەکەی لە ئەستۆ گرتووە و دوای دانانی نەخشە و دابەشکردنی هێزەکان پلانەکەی خستوەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی کە لە ئەرشیفی نەوشیروان مستەفادا پارێزراون و "سبەی" بڵاویدەکاتەوە، پلانی گشتی بۆ ئازادکردنی کەرکوک بەشێوەیەک داڕێژرابوو، کە لەدوای ئازادکردنی سلێمانی و هەولێر و گەرمیان، هێزەکان کۆبکرێنەوە و لە سێ رێگاوە هێرش بۆ ئازادکردنی کەرکوک دەست پێبکرێت کە بریتین لە:

1-هێزەکانی هەولێر لە ئاڵتون کۆپرییەوە
2-هێزەکانی سلێمانی لە قەرەهەنجیرەوە
3-هێزەکانی گەرمیان لە دوزخورماتووەوە

هەر بەپێی بەڵگەنامەکان، بەپێی پلان و بڕیارەکانی پێشوو، دەبوو ملازم عومەر خەریکی جێبەجێکردنی کاروباری کەرکوک بێت، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی پلانەکەوە، نەوشیروان مستەفا هەریەکە لە شەوکەوتی حاجی موشیر و مام رۆستەم رادەسپێرێت پلانەکە جێبەجێ بکەن.

لە بەڵگەنامەکاندا دەردەکەوێت، شەوکەتی حاجی موشیر لەشەوی 12-13 ی ئازاری 1991 بروسکەیەکی بۆ نەوشیروان مستەفا ناردووە و تێیدا جەخت دەکاتەوە کە هێزەکەیان گەیشتووەتە بازگەی کەرکوک و بەنیازن شەو بچنە ناو کەرکوکەوە، سەرەڕای ئەوەی چەندین کۆپتەر و فڕۆکە هێرشیان کردووەتە سەریان.

بەڵگەنامەکان دەریدەخەن کە شەوی 14-15 ی ئازار بەرپرسی میحوەری کەرکوک بروسکەیەکی 4 خاڵی بۆ نەوشیروان مستەفا دەنێرێت و ئاگاداریان دەکاتەوە کە شەوی 15-16 ی ئازار جەماوەری کەرکوک و پێشمەرگە پەلاماری کەرکوک دەدەن.

رۆژێک دواتر واتە رۆژی 16 ی ئازار، ملازم عومەر، دوایین پێشهاتەکان دەگەیەنێتە نەوشیروان مستەفا و ئاگاداری دەکاتەوە کە مستەشارەکان بەڵێنەکانیان نەبردووەتە سەر و بەهۆی هێرشی کۆپتەرەوە هێزەکەیان پەرتەوازە بووە و سەرقاڵی خۆرێکخستنەوەن. نەوشیروان مستەفاش لە وەڵامدا جەختدەکاتەوە کەرکوک لەهەموو شارێک گرنگترە و هەموو قوربانییەک دەهێنێت و پێی باشە هەرچۆنێک بێت هێزەکان بچنە کەرکوکەوە.

شەوی 17-18 ی ئازار پێشهاتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات، کاتێک بەرپرسی میحوەرکە، نەوشیروان مستەفای ئاگادارکردەوە کە ئومێدی راپەڕین لەکەرکوک لاوازە و داوای لە نەوشیروان مستەفا کرد سەرپەرشتی کارەکە لە ئەستۆ بگرێت و تا 18-19 ی ئازار خۆیان رێکدەخەنەوە و ئامادە دەبن بۆ جێبەجێکردنی پلانەکە.

نەوشیروان مستەفا دەڵێت، سەرپەرشتی ئازادکردنی کەرکوک سەروەرییەکی گەورەی وەهایە کە برواناکات کەس خۆی لێ بدزێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت هەرچەند داوای لە هێزەکان دەکرد دەست پێبکەن، هەر داوایان لە خۆی دەکرد کە سەرکردایەتی شەڕو راپەڕینەکە بکات و کەرکوک ئازاد بکات.

بۆ ئازادکردنی کەرکوک، نەوشیروان مستەفا زۆربەی سەرکردە و پێشمەرگەکان ساز و ئامادە کردبوو، لە پردێ و کەلوڕ و قەرەهەنجیر و بارەگای گەورەیان دانابوو بۆ سەرکردایەتیکردنی پرۆسەکە.

شەوی (19) ی ئازار نەوشیروان مستەفا کاروبارەکان دابەش دەکات، سەرکردایەتی قۆڵی کەرکوک لەلایەن نەوشیروان مستەفا سەرۆکایەتی دەکرێت و سەرکردایەتی قۆڵی موسڵیش بە مەسعود بارزانی دەسپێردرێت.


نەوشیروان مستەفا لەگەڵ کۆسرەت رەسوڵ لە پردێ دوای کۆبوونەوە لەگەڵ فەرماندەکان، هێزەکانی دابەشکردووە هەمان رۆژ چوونە قەرەهەنجیر هێزەکانی ئەوێشیان دابەشکردوەتەوە و ئەرکەکانیان دیاری کردوون، شەوی 19-20 ی ئازار فەرمانیاندا هێزەکان هێرش دەست پێبکەن و تا درەنگانی شەو لەبەرزاییەکانی کانی دوومەڵانەوە سەرپەرشتی ئازادکردنی کەرکوکیان دەکرد و بە بێتەل لەگەڵ هەمو قۆڵەکان لە پەیوەندیدا بوون.

نەوشیروان مستەفا دەڵێت: بەشێک لە هێزەکان چووبوونە ناو کەرکوکەوە و ئەویش راستەوخۆ بەرەو ناو شار بەرێکەوتووە، شەو لە بارەگایەکی بەعس کە تازە ئازادکرابوو بەناوی کەرامە لەناو کەرکوکدا ماوەتەوە.

بەپێی گێڕانەوەی نەوشیروان مستەفا، لەناو شار لە هەموو لایەکەوە تەقەبوو، نزیکی نیوەڕۆی رۆژی 20ی ئازار دەستگیرا بەسەر بارەگای فیرقەی یەکی سوپای عێراق، کە ئێوارەی پێشوو عەلی حەسەن مەجید و فەرماندەی فەیلەق و ئەفسەر و بەرپرسە گەورەکانی بەعس، بە هەلیکۆپتەر هەڵاتبوون.

نەوشیروان مستەفا جەخت دەکاتەوە هیچ رۆژێک لە ژیانیدا لەو رۆژە خۆشتر نەبووە، لەکاتێکیشدا لەناو کەرکوک هەر خەریکی گەڕان بوون، لەسەر بۆنیتی ئۆتۆمبێلەکەیەوە مژدەی ئازادبوونی کەرکوک دەنوسێت و رەوانەی ئێستگەی دەکات بۆ خوێندنەوەی، کە تێیدا وێڕای پیرۆزبایی لەگەلی کورد بەبۆنەی رزگارکردنی کەرکوک کە بە رۆژێکی مێژوویی ناوی دەبات، داوا لە میللەتی کورد دەکات بەیەکگرتن و یەکێتی، پارێزگاری لەو دەستکەوتە بکەن.

هەمان رۆژ نەوشیروان مستەفا لەرێگەی رادیۆوە نوێنەرانی لایەنەکانی بەرەی کوردستانی بانگهێشتکرد بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لە بینای پارێزگا. هەروەها لەناو کەرکوکەوە بروسکەیەکی 3 خاڵی بۆ مام جەلال دەنێرێت کە هێشتا لە شام بوو، تێیدا مژدەی پێدەدات کە هەموو کوردستانی عێراق جگە لە شەنگال، هەمووی لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدایە، لەگەڵ هەموو بیر و دامەزراوەکانی نەوتی کەرکوک و هەولێر، داواشی لێدەکات دەستپێشخەری بکات بۆ راگرتنی شەڕ لەگەڵ عێراق.



لەبەشێکی دیکەی بەڵگەنامەکاندا نەوشیروان مستەفا باس لەوەدەکات کە ئێوارەی 15ی ئازاری 1991 مەسعود بارزانی بروسکەیەکی بۆ ناردووە و داوای لێکردووە بەپەلە کۆبنەوە، بەو هۆیەشەوە لە مەسیفەوە بەرەو شەقڵاوە بەڕێکەوتووە بۆ بینینی بارزانی و پێکەوە لەماڵێک کۆبوونەتەوە.

لەکۆبوونەوەکەدا بارزانی نامەیەکی سەدام حوسەین کە بۆ بارزانی ناردووە رادەستی نەوشیروان مستەفا دەکات تا بیخوێنێتەوە و بۆچوونی خۆی لەبارەوە دەربڕێت، کە تێیدا سەدام گلەیی لە بارزانی دەکات کە نەدەبوو کورد هاوکات لەگەڵ شیعە دژی حکومەت راپەڕێت، سەرباری هەڕەشەکردنیش سەدام داوای گفتوگۆی کردبوو بۆ چارەسەری کێشەی کورد.


بەپێی سەرجەم ئەو بەڵگەنامانە دەردەکەوێت، نەوشیروان مستەفا بە هاوکاریی ژمارەیەک بەرپرسی سەربازیی سەرپەرشتی راستەوخۆی راپەڕین و ئازادکردنەوەی کەرکوکی کردووە لە نەورۆزی 1991 و هەر خۆیشی مژدەی سەرکەوتنەکەی بڵاوکردوەتەوە و داوای پارێزگاریی کردن لە دەستکەوتەکانی کردووە و یەکگرتوویی و یەکڕیزیی کوردی بە مەرجی سەرکەوتنی یەکجاری و چنینەوەی دەستکەوتەکان داناوە.


حەسەن کوێستانی و ئازادکردنی کەرکوک

لە بەشێکی تر یاداشتنامە بڵاونەکراوەکانی نەوشیروان مستەفادا سەبارەت بە رۆڵی حەسەن کوێستانی لە رزگارکردنی کەرکوکدا نوسیویەتی:

حەسەن کوێستانی رەنگە لەناو شاری کەرکوک، سلێمانی، هەولێر و دهۆک ناسراو نەبوبێ، ئەو شارانە هەرگیز لە دەستی کوردا نەبوون، بەڵام کوێستانی لەناو پێشمەرگەکاندا ناسراو بوو، یەکێک بوو لە قارەمانەکانی شۆڕشی کوردستانی عێراق و پیاوێکی بەهیمەت بوو.

نەوشیروان مستەفا باس لە رۆڵی حەسەن کوێستانی دەکات لە ئازادکردنی کەرکودا و دەڵێت: کوێستانی لە ئازادکردنی کەرکوکدا دەورێکی کاریگەری هەبوو، هەرزوو بارەگاکەیمان لە هەولێرەوە بردە پردێ و دوتر بۆ کەلوڕ، ئەو سەرکردایەتی هێزەکانی کوردی کرد بۆ شکاندنی پشتێنەی ئەمنی کەرکوک و چووە ناوشار، لەکاتێکدا خۆی خەڵکی گوندی گەلاڵەی چۆمان بوو، شاری گەورەی نەدیبوو     سایتی سبەی







# سیناریۆی فیلمێکی جیهانی

ئێوارەیەکی کانوونی یەکەمی 1985، بەفر سەراپا دۆڵی جافایەتی داگرتبوو ، لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون ، بە دەم قسە کردنەوە ، بە ناو بەفرەکە دا ، لە ناو گوندی گاپیلۆن پیاسەمان دەکرد .

گاپیلۆن ، لە ئۆردگای کارێزە وهێزەکانی سوپای عێراقەوە نزیک بوو ، ناو بە ناو کەرتەکانی ئەو تیپە ، بەپێی نەخشەیەکی دیاری کراو ، خۆیان دەکرد بە ناوشاردا و چالاکییەکیان ئەنجام دەداو دەگەڕانەوە ، لە ناوچایخانە نایلۆنەکە گویان لەسەرکەوتنەکانیان دەگرت .

سێبەری شاخی پیر بایز، زیاتر بەسەر ئاواییەکەدا کشا، خۆمان خزانە ناوچایخانە نایلۆنەکەوە ، بۆ ئەوەی گوێ لە هەواڵەکانی رادیۆی گەلی کوردستان بگرین .

لە ناکاو هەوڵی گولە باران کردنی( ئارام وسەردارو هیوا)، لە بەردەم ئامادەیی رۆشنبیری سلێمانی راگەیاند ، ئازارێکی تیژ بەقەدد تیژی سەرماکە هورژمی بۆ کاسەی سەرم هێنا، گریانێکی بێ دەنگ ناخی هەژاندم .

بێ ئەوەی بەخۆم بزانم ،دەرگا نایلۆنەکەم کردەوە ،هەنگاوم بەرەو خوارەوەی ئاواییەکە نا، هەرچەندم دەکرد ، نەمتوانی بڕوا بەو تراژیدیا کتوپڕە بکەم .

بەخێرایی رێگای مالومەم گرتە بەر ،بۆ لای ( ئازاد یونس )ی هاوڕێی قوتابخانەی بێکەس سەرەتاییم ، لەبارەگای جەمال ئاغابوو ، لە گوندی مالومە ، رووم کردە ئازاد و وتم :

-گوێت لە هەواڵەکەی رادیۆ بوو.

ئەویش بە خەمێکی قوڵە وە ،وتی :

-بەڵێ. ئەو تراژیدیایە ، بوو بە پرسەی شارو نیشتمان ، سەردار ،ئارام ،هیوا، پێکەوە گولە باران کراون .

بە دڵێکی شکاوە وە، لە مالومەوە ، بەرەو هەورازەکەی( گەڕە دێ) سەرکەوتم ، ئەژنۆکانم تینی تیا نەما بوو ،قورس بوو، ئاوڕم دایەوە، باڵای ئارام و سەردار و هیوام ، لەسەرچیای ئاسنگەران بینی ،بەرەو لوتکەی پیرەمەگرون دەکشان ، تا لە چاوەکانم ون بوون.

باڵی تاریکایی بەسەر ئاوییەکەودوڵی جافایەتی دا کشا بوو، گەیشتمە بەردەرگای ژوورەکەم لە گوندی گەرەدێ ، حسین محەمەد ئەحمەد ی هاوڕێم بینی ، لە گوندی وڵاغڵووەوە بۆ سەردانم هاتبوو ، لە بەردەم کوخەکەم دا وەستابوو، دەرگاکەم کردوە و پێکەوە چوینە ژوورە وە ، چراکەم داگیرساند .

حسین بە هێمنییەکەی خۆیەوە رووی تێ کردم وتی:

-تۆئاسایی نیت ، رەنگت هەڵبزرکاوە ، دەنگت گۆڕاوە ،وەک جاران نیت ؟

لەو کاتەدا ، بەجۆرێک زمانم لە گۆ کەوتبوو ، بەلامەوە قورس بوو ،ئەو هەواڵە دڵتەزێنەی پێ بڵێم ، لە ناخی خۆم دا ، نەم دەتوانی بڕوا بکەم ،بارە دەروونییەکەم پڕبوو، لە گومان ودوودڵی ودڵە راوکێ.

حسین زانی کارەساتێک روویداوە ووتی:

-پێم بڵێ ،چی رووی داوە ، بۆ لەمنی دەشاریتەوە:

-ئارام ،سەردار ، هیوا لە بەردەم سانەوی رۆشنبیری دا گولە باران کراون.

ئەو رستەیە، روخساری حسین ی لە بەردەم رووناکی چراکە ، وەک تارمایی شەوەزەنگەکە ، رەش داگەڕان .

ئەو شەوە ، تەنیا تروسکەی کزی چرای ئەو چەند ماڵەمان دەبینی ،چراخانێک بوو، تێکەڵ بەقوڵایی شەوەزەنگەکەو ئاوێنەی سەر رووی بەفرەکە دەبوو، کزەی ساردی ئاسمانی ساماڵی ئەوشەوەی کانوون ، لە گۆشەیەکی دەرگا نایلۆنەکەوە ،چەند یادەوەرییەکی ئارام و هاوڕێکانی دەگەیاندە ژوورە بچکۆلەکەم .

دواجار لە خەونێکی تردا، ئارام وسەردارو هیوا یان لێ ون کردین.

دوای راپەڕین ، دوای تراژیدیای، دوا هەناسەی شەهید ڕێبوار عوسمان برای شەهید سەردار ، ئێوارەیەک کاک تەحسین قادر ،کاک بەختیارعوسمان ی برای هەردوو شەهید ( سەردارو ڕێبوار)ی پێناساندم .

لە کەسێتی دارێژراوی بەختیاردا ، هەمان شکۆی هەڵویستی باڵای( سەردارو ڕێبوار) دەدرەوشایەوە .

لە تراژیایدی خانەوادەی گەڵا توتن ی شێخ عوسمان دا ، خانەوادەی (سەردارو ڕێبوارو ئارام و هیوا )و دەیان خانەوادەی تر، لە م نیشتمانەدا ، رووبەرووی ،دە یان ، سەدان ، هەزارەها ، زنجیرە تراژیدیای جەرگ بڕ بوونەتەوە ، هەوێنی دەیان رۆمان وسیناریۆی فیلمە ، نەک لە ئاستی نیشتمان ،لە ئاست دنیا

دوای راپەڕین ، سەرکردەکانی کورد ، بەهۆی بیری بەستەڵەکی حیزبایەتی وە ، هاوکێشەی رەوتی ژیانی سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری و دەروونی یان ، بە جۆرێک ئاڵۆزو دژوارکردوە.

جاش وئەنفالچی و خائین و جاسوسیان، بە جۆرێک پاراست ، لە بەهای بڕیاری دەستورویاساو ورێسای دادگای باڵای تاوانبارانی عێراق یان کەم کردەوە .

سەنگ و قورسایی تاوانی جینۆسایدەکانی کوردیان بچوک کردەوە ، بەهای بە دۆکۆمینتی نیودەوڵەتی جینۆسایدی کوردیان هێنایە خوارەوە، بۆئەوەی بە جینۆساید نەناسرێت .

سەرکردەکان هەموو خائین و تاوانبارەکانیان پاراست، بوون بە هاوڕێ یان ، ئەو خائینانەی کەبە دەستی پێشمەرگە کوژران ، لە لیستی خانە نشینی شەهیدان دا دانران .

هەڵوێستی خانەوادەی شێخ عوسمان و دەیان خانەوادەی ئەم نیشتمانە ،هەموو ئەو سەرکردانەو پرۆتۆکۆڵە نیودەوڵەتیەکانیان شەرمەزار کرد ، سیناریۆی دەیان، فیلمی سینەمایی جیهانین.

**عەبدوڵڵا کەریم مەحمود**





## قەدەر

من پێم خۆش بوو
شێوەم لە .....دەریا بچێ
ئەو دەریایەی.....
ماسییەکەی..... سەمەدی بۆ ئەچێ
بەڵام چی بکەم کە شێوەم
لە گۆمێکی ....بەر تەنگ ئەچێ
کەس بۆی ناچێ و.....لەکەس ناچێ
""" "" ""
من پێم خۆش بوو
هەرچی وڵاتی دنیایە
ئاڵای منی.....
لە سەر بیناو...
ساختمانی وڵاتانی هەڵبدایە
بەڵام چیبکەم........ هەر خۆرێ دێ
بێ بەیداخە و.... بێ ئاڵایە
"" """" ""
، من پێم خۆش بوو
درەختێك بم.....
باڵام ئەوەندەی.... ژیلوان بێ
گەڵاکانم سێبەرو.... رەهەندی ئینسان بێ
بەڵام چیبکەم...
کە باڵام هێندە...... قەزەمە
لەگوێی زەمین.....دیار نیم
هەر وەک ئەوەی ...... ئینسان نیم

**عە بدوڵا کەریم مەحمود**

# دەرهێنەرێکی کورد دەبێتە براوەی خەڵاتی باشترین فیلمی دۆکیومێنتاری لە پۆڵەندا

کورتە فیلمی دۆکیومێنتاریی حەبیبوڵڵا، لە دەرهێنانی عەدنان زەندی و بەرهەمهێنانی گوڵناز حوسێنی و سینا ئەیووبی، بەرهەمهێنانی بەفەر پرۆدەکشن، خەڵاتی باشترین فیلمی دۆکیومێنتاری لە بیست و هەشتەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی زووم لە پۆڵەندا بەدەستهێنا.

فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی ZOOMیەکێکە لە گەورەترین و گرنگترین فێستیڤاڵەکانی سینەمای سەربەخۆ لە وڵاتی پۆڵەندا.

ئامانجی ئەم فێستیڤاڵە پێشکەشکردنی بەرهەمی سینەمایی ناوازە و بە بەهای هونەریی بەرز و ڕەسەنە، هەروەها پێشخستنی هونەری فیلمی سەربەخۆیە.

عەدنان زەندی سینەماکار و دەرهێنەری دۆکیومێنتاریی کورد، خەڵکی شاری سنە و لە دایکبووی ساڵی 1985یە، خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە دەرهێنانی فیلم و بڕوانامەی ماستەرە لە دەرهێنانی شانۆ. لەم ساڵانەی دواییدا بە دروستکردنی فیلمی دۆکیومێنتاری و ئەنیمەیشن و کورتە فیلم توانیویەتی لە فێستیڤاڵە بەناوبانگەکانی ناوخۆ و نێودەوڵەتیدا ئامادەیی بەرچاوی هەبێت و سەرنجی ڕەخنەگران و بینەران بۆ خۆی ڕابکێشێت.

لە دیارترین بەرهەمەکانیدا کورتە فیلمی دۆکیومێنتاریی حەبیبوڵڵایە، کە ژیانی حەبیبوڵڵا زەندی گۆرانیبێژی دێرینی فۆلکلۆری ناوچەی لەیلاخ دەگێڕێتەوە. ئەم فیلمە دۆکیومێنتارییە خەڵاتی باشترین فیلمی دۆکیومێنتاری لە بیست و هەشتەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی زووم لە پۆڵەندا بەدەستهێنا، هەروەها بەشداریی لە فێستیڤاڵە بەناوبانگەکانی وەک سی و یەکەمین فێستیڤاڵی شێفیلد لە ئینگلتەرا و چوارەمین فێستیڤاڵی کوردی لە مۆسکۆ و فێستیڤاڵی سینەمای ڕاستی کردووە.

یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی زەندی کورتە ئەنیمەیشنی جەنگ و ڕەنگە، کە لە نووسین و دەرهێنانی خۆی بووە، باس لە چیرۆکی ئەو منداڵانە دەکات کە لە ناوچەکانیان جەنگ بەرپا بووە. ئەم ئەنیمەیشنە لە چلەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی کورتە فیلمی تاران و فێستیڤاڵە بیانییەکانی وەک سێدیچی کۆرتۆ لە ئیتالیا نمایش کراوە.

لەنێو بەرهەمە دیارەکانی تردا کورتە فیلمی پەپوولەیە، کە لە فێستیڤاڵە جیاوازەکاندا نمایش کراوە، لەوانە فێستیڤاڵی فیلمی بەیرووت، فێستیڤاڵی خواردن و ئاوی میلانۆ، فێستیڤاڵی فوول بلووم لە ئەمریکا، فێستیڤاڵی کورتە فیلمی شۆمی نیوزلەندا، چەندین خەڵاتی بەدەستهێناوە.

عەدنان زەندی بە گرنگیدان بە پرسە کۆمەڵایەتی و کولتووری و مرۆییەکان توانیویەتی لە ڕێگەی زمانی وێنەوە نیگەرانییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا جیاوازەکان پیشان بدات و بە بەرهەمەکانی لەسەر شانۆ نێودەوڵەتییەکان بدرەوشێتەوە. کوردپیدیا




# سنە... شاری هەزار پەیکەر و ماڵە کولتوورییەکان

## ئامادەکردنی: عەزیز مورادی

گەورەترین پەیکەری ئێران و هەرچوار پارچەی کوردستان لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانراوە. ئەو پەیکەرە 15 مەتر بەرزە و هێمای بەرخۆدانی گەلی کوردە لەبەرامبەر حکوومەتی دیکتاتۆری بەعس، بۆ یادی کیمیابارانی مەریوان لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران دروست کراوە. پیاوێک دوو منداڵی لەباوەشدا گرتووە و لەبەرزایی ئاویەرەوە سەیری شاری سنە دەکات. ئەو پەیکەرە لە لایەن هادی زیائەدینی، پەیکەرسازی ناسراوی کورد دروست کراوە.

شاری سنە وەکوو شاری هەزار پەیکەر و ماڵە کولتوورییەکان ناسراوە و خاوەن بیناسازییەکی تایبەت بە خۆیەتی، کە لە شارەکانی دیکەی کوردستان جیای دەکاتەوە. ماڵی (ئاسەف)، یەکێکە لە کۆنترین خانووەکانی شاری سنە و کوردستان، مێژووی دروستکردنی بۆ سەردەمی سەفەوی و قاجارەکان دەگەڕێتەوە، یەکێکە لە شوێنەوارە ناسراوەکانی ناو شاری سنە کە بە خانەی کورد دەیناسن. ئەم خانووە بووە بە شوناسی کولتووری سنە. لەلایەن ئاسەفی گەورە، (میرزا عەلی نەقی خان) لە سەردەمی سەفەوییەوە دەست کراوە بە دروستکردنی و تا سەردەمی قاجارەکان کاری لەسەر کراوە.

ماڵی ئاسەف نزیکەی چوارهەزار مەتری چوارگۆشەیە و جیا لە دەروازەی هاتنەناوەوە، چەندین حەوشی لەخۆ گرتووە و بیناسازیی ڕەسەنی چەند سەدەی ڕابردووی کوردستانی پێوە دیارە. (میرزاعەلی نەقی کوردستانی) یان (ئاسەفی وەزیری) کوڕی (میرزا ڕەزای وەزیری کوردستانی) لە سەردەمی قاجارەکان یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردستان بووە، کە لەسەر داوای (هەڵۆخانی ئەردەڵان) حاکمی کوردستان لە شاری ئەسفەهانەوە دێتە کوردستان.

ئەم بینایە بەر لە هاتنی (ئاسەف) لە سەردەمی سەفەوییەکان دروست کرابوو. لەو سەردەمەدا ئەردەڵانەکان فەرمانڕەوایی شاری سنەیان دەکرد. خاوەنی یەکەمی ئەم خانووە ماڵباتی (موعتەمەد هاشمی) ناسراو بە ئەمجەد ئەشراف (امجدالاشراف) بوو. دواتر لە سەردەمی قاجارەکان بەناوی باوکی ئاسەف تۆمار کرا و چەند بەشێکی دیکەی بۆ زیاد کرا و زۆری پێنەچوو ناوی ئاسەفی کەوتەسەر و تائێستاش بەو ناوە دەیناسن. ئەم بینایە چەند ساڵێکە وەکوو مۆزەخانە بەکار دەهێنن و یەکێکە لە شوێنەوارە ناسراوەکانی شاری سنە.

یەکێکی دیکە لە شوێنەوارە ناسراوەکانی شاری سنە، گەرماوی (خان)ە، ئەو گەرماوە کەوتووەتە ناوەڕاستی بازاڕی سنە. لە سەردەمی حکوومەتی زەندییەکان بڕیاری دروستکردنی بۆ دەرچوو، بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتداریی (ئەمانوڵاخانی ئەردەڵان) حاکمی کوردستان دروست کراوە. لە ساڵی 1295ی کۆچی مانگی لە لایەن (فەرهاد میرزا)ی مامی ناسرەدین شای قاجار نۆژەن کراوەتەوە.

ئەو گەرماوە، گەورەترین و پڕنەخش و نیگارترین گەرماوی کوردستانە و خاوەن بیناسازییەکە کە لە سەردەمی قاجارەکان باو بووە. زیاترین نەخشەکانی سەر دیواری ئەو گەرماوە بریتین لە نەخشی گوڵ، کەو، شێر و تاوس. چەندین بەشی وەک گەرماوی سارد و گەرم، خەڵوەتی، خەزێنە و حەوزی لەخۆ گرتووە. ئاوی لە کێوی ئاویەرەوە بۆ دابین کراوە و لە بەرد، خشت و گەچ دروستیان کردووە. بنمیچی گەرماوەکە بە شێوازی تاق و گومەزە، تا بەدرێژایی زەمەن کەمترین زیانی بەرکەوێت.




کوردپیدیا

# بەرهەمی ڕاپەڕین

## ڕەووف محەمەد ئالانی



جاران بە بەرگی
خاکی شۆڕش،
سرودی کوردستان
وێنەی بەهەشتە،
لەسەر زاران بوو.
کەژاوەی سوری
مەرگی هەزاران،
لاوی خێرنەدیو
بۆ کوردستان بوو.
وائێستاکە،
لەم ساتە
پڕ نەهاتە،
هێزو تین و بازووی
ملهوڕ، داگیرکاری
شاخ و دەشتە.
چی بەرهەمی
خوێنی خەڵکە
کرایە گەردانەی
خەت و خاڵ.
شەوی خوێنینی
ڕاپەڕین
بوو بە شوقە
کرا، بەماڵ.
ئومێدی هیواى
داهاتوو
کرا بە پووشبرنجی
بابردوو،
خەجاڵت بن
بۆ خەرمانێ
کەسوورتان کرد.
نەفرەت لەوەی
کۆی کردەوە
بەرهەمی ئەم
خاک و خەڵکەی
وا بەبا برد.



# ئۆپەرێتی نەورۆز

## هۆنراوەی: ڕەزا شوان



منداڵان
بەخێربێیت لالە نەورۆز
جەژنی نەورۆزت پیرۆز
دیاری چیت بۆ هێناوین
ئێمەین هاوڕێی تۆی دڵسۆز
لالە نەورۆز
منداڵانی کوردستان
ڕۆڵەی گەرمیان و کوێستان
دیاریی جوانم هێناوە
بۆ ئێوەی خۆشەویستان
منداڵان
لالە نەورۆز ، هەر بمێنیت
مژدەی شادیمان بۆ بێنیت
سەری ساڵمان پیرۆزەکە
تۆوی ئاشتی بچێنیت
لالە نەورۆز
ئەم دوو بووکە شووشەیە
دیاریی خونچە و نوخشەیە
ئەم تۆپ و ئەم کەمانچە
پێشکەش بە هیوا و ڕەنجەیە
ئەم ورچۆڵە و ئەم ئاسکە
بۆ ئێوەیە جوان و ناسکە
ئەم کتێبە و ئەم پێنووسە
بۆ شڤان و بروسکە
منداڵان
لالە وەرە دەست بگرین
تێر بە دڵمان هەڵپەڕین
بە ئاواز و بە یەکدەنگ
سروودی نەورۆز بچڕین
نەورۆزە ، نەورۆز ، نەورۆزە
جەژی کوردە پیرۆزە
خۆشتریرین مانگی ئەم ورزە
دنیا ڕەنگین و سەوزە





# خاتوو کونز براوەی مەدالیای کاڵدیکۆت ٢٠٢٥

## ڕەزا شوان

هونەرمەندی نیگارکێشی ئەمریکی، خاتوو (ڕێبێکا لی کونز) براوەی مەدالیای کاڵدیکۆتی ساڵی (٢٠٢٥)ە. بۆ باشترین کتێبی وێنەیی ڕوونکردنەوە بۆ منداڵان لە ئەمریکا. ڕێبێکا لی کۆنز لە ساڵی (١٩٧٥) لە شاری نۆرمان لە ویلایەتی ئۆکلاهۆما لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدایکبووە. لە میللەتی شیرۆگی یە. لە ساڵی (١٩٩٨) دا، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە نیگارکێشان لە کۆلیژی سانتافی وەرگرتووە. خاوەنی ستۆدیۆی (داری ژیان) ە، لە شاری سانتافی لە ویلایەتی نیومەکسیکۆ، لەوی کارەکانی بەڕێ دەکات. لەگەڵ هاوسەرەکەی و سێ کچەکەیان دەژی. کارەکانی لە ئایکۆنۆگرافیای نەریتییەوە وەرگیڕاون. تا ڕادەیەکی زۆر ئیلهامیان لە هێماسازی ئەفسانەیی و نەریتی باو وەرگرتووە.

کونز، بەرزکرایەوە بۆ نوخبەی ئەدەبیاتی منداڵان، بە بردنەوەی مەدالیای کاڵدیکۆت بۆ باشترین کتێبی وێنەیی چاپکراوی ساڵی پێشتر، بۆ چیرۆکی منداڵان، ساڵی (٢٠٢٥). لە ڕۆژی (٢٧/ یانوار/ ٢٠٢٥) لەلایەن خزمەتگوزاریی کتێبخانەکانەوە پێشکەشکرا، کە بەشێکە لە کۆمەڵەی کتێبخانەکانی ئەمریکا (ئەی ئێڵ ئەی).

مەدالیای (ڕاندۆڵف کاڵدیکۆت) کە کورت کراوەتەوە تەنها بۆ "کاڵدیکۆت". بە ناوی وێنەکێشی بەناوبانی ئینگلیزی (ڕاندۆڵف کاڵدیکۆت: ١٨٤٦ ـ ١٨٨٦) نراوە، وەک پێزانین و ڕێزلێنانێک بۆ خزمەتی بەرزی لە بواری هونەری وێنەکێشاندا.

مەدالیای کاڵدیکۆت، بەرزترین خەڵاتی جیهانییە لە وێنەکێشاندا، بۆ ڕێزلێنان لە هونەرمەندانی داهێنەر لە کتێبی چیرۆکی وێنەیی ڕوونکردنەوە بۆ منداڵان. لە ساڵی (١٩٣٧) ەوە، ساڵانە تا ئەمڕۆ مەدالیای کاڵدیکۆت، پێشکەش بە باشترین نیگارکێشی کتێبی وێنەیی ڕوونکردنەوەی منداڵان دەکرێت. لیژنەیەک لەسەر بنەمای چەند پێوەرێک و دادوەری بڕیار لەسەر کتێبی براوە دەدات. لەوانەش دەبێت وێنەکێشەکە ئەمریکی بێت و کتێبەکە بە زمانی ئینگلیزی نووسرابێت و ساڵی پێشتر چاپ کرابێت. هەموو ئەو مەرجانە لە هونەرمەندی داهێنەر خاتوو ڕێبێکا لی کونز هەبوون.


کتێبی براوەی مەدالیای کاڵدیکۆتی (٢٠٢٥) ناوی (چوچ یارمەتی دا) ئەم کتێبە، کە بریتییە لە چیرۆکێک بۆ منداڵان. لە نووسینی خاتوو (ئەندریا ئێڵ ڕۆجەرز) و
وێنەکێشانی هۆنەرمەند خاتوو (ڕێبێکا لێ کونز)ە.

کتێبێکی ناوازەیە، دەربارەی خێزانێک شیرۆگی، باس لە چیرۆکی کوڕێکی بچووک دەکات. کە لە دوای یادی دوو ساڵەی جەژنی لەدایکبوونی، چیتر خۆی بە منداڵ نازانێت، ڕۆحێکی یارمەتیدانی هەیە، بە تایبەتیش لە ماڵەوەدا لە هەموو کارەکاندا، یارمەتیی سیسی خوشکی لە خۆی گەورەتر و ئەندامانی تری خێزانەکەی دەدات. چێژ و خۆشی لە یارمەتیدان وەدەگرێت. ئەم کتێبە براوەی خەڵاتی (واڵتەر) یشە.

کونز دەڵێت:"یەکسەر ئاشقی چیرۆکەکە بووم. بەراستی چوچم خۆشدەوێت".


سەرۆکی لیژنەی کاڵدیکۆت (هانا لی نیو) دەڵێت:" ئەو کۆمەڵە کتێبە وێنەییانەی کە پێداچوونەوەیان بۆکرا. (چوچ هێڵپ دی ـ چوچ یارمەتیی دا) بێ مشتومڕ، بە شایەنی براوەی مەدالیای کاڵدیکۆت" ناوبرد.

شایەنی باسیشە (مەدالیای کاڵدیکۆت) و (مەدالیای نیوبێری) بۆ باشترین دەقی کتێبی منداڵان، لە هەمان ڕۆژدا و لەلایەن هەمان کۆمەڵەی کتێبخانەکانی ئەمریکاوە پێشکەش دەکرێن. لە نووسینێکی جیادا، باسم لە (ئێرین ئینترادا کێلی) ی براوەی مەدالیای نیوبێری بۆ ساڵی (٢٠٢٥) کردووە.



# پەروەردە مرۆڤێک بەرهەم دەهێنێت کە شایستەی ژیان بێت

د. کوردستان محەمەد ئازاد
پرۆفیسۆری یاریدەدەر
زانکۆی سلێمانی / کۆلێژی
پەروەردەی بنەڕەت



تاک دەرئەنجامی کرداری پەروەردەیە و پێگەیاندنی کەسایەتی لە ئەنجامی پرۆسەی پەروەردەدا دروست دەبێت و گەشە دەکات لە سەرجەم قۆناغەکانی ژیانیدا، بۆیە پەروەردە کردارێکی بەردەوامە، کە تاک هەر لەسەرەتای لەدایک بونیەوە پێویستی پێیەتی ، ئەم پرۆسەیە نابێت کاتی و سنوردار بکرێت، بەڵکو دەبێت وەک کرۆکی ژیانی تاک و کۆمەڵگا لێی بڕوانرێت، بەڵام ئەگەر سەیر بەکەین لە کۆمەڵگای کوردیدا بەو شێوەی کە دەبێت هەبێت تەماشا ناکرێت ، زۆر لاوازی و کەم و کورتی تێدا بەدی دەکریت ،کە ئەمەش کاردانەوەی نەرێنی لەسەر بونیاتنانی تاکی کورد هەیە .

سیستەمی پەروەردە لە کۆمەڵگای کوردیدا بەو ئاراستەیە دەڕوات کە کە تیایدا گرنگیدان بە نمرەی بەرز و دەرچوون بووەتە تاکە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی سەرکەوتن و جێبەجێکردنی ئەرکی پەروەردەیی، ئەم تێڕوانینە سنووردارە بووەتە ، بۆتە کولتوورێکی باو کە لەناو خێزان و قوتابخانە و لای قوتابی جێبەجێ دەکرێت، بەدەر لەوەی بیر لە ئامانجی ڕاستەقینەی پرۆسەی پەروەردە بکرێتەوە کە پێگەیاندنی مرۆڤێکی هاوسەنگ و تەواوە لە هەموو ڕووەکانی ژیانیدا نەک تەنها لەڕووی زانستی و ئەکادیمیەوە، لەم سیستەمەدا زیاتر چەخت لەسەر کرداری فێرکردن دەکرێتەوە و کاردەکرێت کە بە هەر نرخێک بێت نمرەی بەرز بەدەست بهێنێت، ئەگەر بە ڕێگای لەبەرکردنیش بێت بەبێ تێگەیشتنی قوڵ لە ناوەرۆکی بابەتەکان، ئەمەش وای کردووە کە قوتابیان تەنها لەپێناو دەرچوون و وەرگرتنی بڕوانامەدا بخوێنن نەک لەپێناو فێربوون و گەشەکردن و پەرەپێدانی کەسایەتی و تواناکانیان.

پرۆگرامەکانی خوێندن لە قوتابخانەکانی کوردستاندا زۆربەیان کۆن و دوور لە پێشکەوتنەکانی سەردەمن، میتۆدی وانەوتنەوە و فێرکردنیش زیاتر پشت بە شێوازی لەبەرکردن و دووبارەکردنەوە دەبەستێت نەک میتۆدی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و داهێنەرانە بەرکەوتنیان لە گەڵ لایەنەکانی ژیان، ئەمەش وای کردووە قوتابی لەبری ئەوەی فێری بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان ببێت، تەنها فێری کۆکردنەوەی زانیاری ببێت بەبێ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی کردەیی لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریان بهێنێت، هەر بۆیە دەبینین کە دەرچووانی ئەم سیستەمە لەکاتی دەستبەکاربوون و ڕووبەڕووبوونەوەی ژیانی کردەیی و پیشەییدا دەکەونە ناو چەندین گرفت و کێشەوە چونکە ئەوەی لە قوتابخانە فێری بوون جیاوازە لەوەی کە لە دنیای ڕاستەقینەدا پێویستە. دەبێتە بەرهەم هێنانی تاکێک کە زۆرجار متمانەی بە خۆی نییە، توانای بڕیاردان و بەرپرسیارێتی هەڵگرتنی لاوازە، و گرنگی بە داهێنان و بیرکردنەوەی جیاواز نادات، لەبری ئەوە هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەیە کە کەسانی دیکە پێی بڵێن چی بکات و چۆن بیربکاتەوە، ئەمەش وای کردووە کە بنەمای متمانە بە خۆبوون و سەربەخۆیی لای تاکی کورد بەشێوەیەکی گشتی لاواز بێت .


هەروەها نەبوونی پەیوەندییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆلە نێوان ژیانی ڕاستەقینەو پەروەردەدا ، هەروەک قوتابی پرۆگرامێک دەخوێنێت و بابەتێک فێر دەبێت بەبێ ئەوەی بزانێت ئەم بابەتە چ پەیوەندییەکی بە ژیانی ئەووەوە هەیە یان چۆن دەتوانێت لە داهاتوودا سوودی لێ ببینێت، وادەکات کە قوتابی ببێتە ئامێرکی خەزن و لەبەرکردنی زانیاری بەبێ ئەوەی هیچ گرنگییەکی بە بەکارهێنانی ئەو زانیارییانە هەبێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا، بۆیە دەبینین کە قوتابی دوای تێپەڕبوونی تاقیکردنەوە زۆربەی ئەو زانیارییانەی فێری بووە لەبیر دەکات چونکە تەنها لەپێناو دەرچوون و وەرگرتنی نمرەی بەرزدا خوێندوویەتی نەک لەپێناو فێربوون و سوود وەرگرتن.

هەروەها نەبوونی پەروەردەیەکی درووست و سەردەمیانە لە کۆمەڵگای کوردیدا کاری لەسەر بەها ڕەفتاری و کۆمەڵایەتییەکانیش هەبووە، چونکە ئامانجی فێرکردن لە پێش پەروەردەوە دانراوە ،ئەمەش بووەتە هۆی لاوازبوونی بەها ڕەفتارییەکان ، و پابەند نەبوون بە بەرپرسیارێتییەکان، تاک هەست بە بەرپرسیارێتی نەکات بەرامبەر بە کۆمەڵگاکەی و زیاتر بیر لە بەرژەوەندی کەسی خۆی بکاتەوە نەک بەرژەوەندی گشتی.

جگە لەمانە، لاوازی پەروەردە بووەتە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی توندوتیژی و تاوانکاری لەناو کۆمەڵگادا، چونکە قوتابی لە قوتابخانەکان فێری کۆنترۆڵکردنی هەست و سۆزەکانی و چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوازێکی ئاشتیانە نابێت، هەروەها فێری ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و قبوڵکردنی بیروڕای جیاواز نابێت، ئەمەش وای کردووە کاتێک تاک ڕووبەڕووی کێشە و گرفت دەبێتەوە لە ژیانیدا نەتوانێت بە شێوازێکی دروست مامەڵەی لەگەڵدا بکات و پەنا بۆ توندوتیژی و ڕەفتاری نەرێنی ببات، ئەم دیاردەیە لە ئاستی خێزان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت کاریش ڕەنگی داوەتەوە و کاریگەری نەرێنی لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ئارامی کۆمەڵگا هەبووە.

بۆیە تاک بەرهەمی ئەو پەروەردەی کە لە خێزان، قوتابخانە و کۆمەڵگاوە وەری دەگرێت، کە کەسایەتی، بیرکردنەوە، بەها و هەڵسوکەوتەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو سیستەمە پەروەردەیەن کە تێیدا گەورە بووە. کاتێک پەروەردە دروست و تەواو بێت، تاکێکی هاوسەنگ و تواناداری پێدەگات کە دەتوانێت بە شێوەیەکی ئەرێنی کار لە کۆمەڵگاکەی بکات و بەرەو پێشەوەی ببات. پەروەردەی دروست بناغەی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست و پێشکەوتووە، چونکە تەنها لە ڕێگەی پەروەردەوە دەتوانین مرۆڤێک بەرهەم بهێنین کە شایستەی ژیانێکی باشتر بێت.

## بێداری



سپێدەیەو
خۆر هێشتا باوێشک ئەدا
تەنیا من وتۆ بێدارین
شارکش ومات
سرووشت سەوزەو
ئاسمان کراسی زیوینی لەبەر کردووە
هەرخۆموو خۆت نیگاکانمان لەوێدایە
ئێمە لەژێر دەوارێکی سپی سپی
بەچر پەوە ڕازمان دەربڕی
هەرمن و تۆو
تەنیاو تەنیا خۆم و خۆت بووین
دەنگی مەلێکی تاراویش
لەدوورەوە وەکو خوناو
دەنیشت بەسەر باڵای کێودا
من وتۆش تەنهابووین تەنها
بەڵام خەونی ڕەنگاو ڕەنگی
هەموو جیهانمان لابوو
لەحزووری ئەو عەشقەدا
کات و کات ژمیر وەستابوو

هاژە برزنجی.

# نەورۆز نامە

ئەحمەد حەمەساڵح



نەورۆز داب و نەریتێکی دێرینە،کە لە لایەن کورد و فارس و نەتەوەی دیکەوە، بە شێوەی جیاواز پەیڕەو کراوە و دەکرێت،هەندێ پێیان وایە زاڵبوونی کاوە بە سەر زوحاکدا سەرچاوەی نەورۆزە، هەندێکی تریش پێیان وایە، نەوروز زۆر لەو ئەفسانەیە کۆنترە. شارەزایانی نەورۆز، بڕوایان وایە جەمشید کە یەکێک لە پاشاکانی پێشدادییەکان بووە، نەورۆزی داهێناوە. ژیانی ئەو پاشایانە لە ئەفسانە بەدەرنییە و بە سەرهاتەکانیان زۆر خەیاڵین و سەردەمەکەشیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخە دێرینەکان، لەم بڕوایەشەوە بێت بنەمای نەوروز دەگەڕێتەوە بۆ چاخە دێرینەکان.

نەورۆز پێشینەی دووروودرێژی هەیە و بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە لەو بوارەدا کراون، کۆنترین مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی، ئەو کاتەی کە لە ئەشکەوتەکاندا ژیاون، ڕۆژی یەکەمی بەهاریان کردووە بە جەژن، لای کوردان نەوروز تێکەڵ بووە بە کۆمەڵێک ئەفسانە، فیردەوسی دانەری پەرتووکی شانامە، بنەچەی نەوروز دەباتەوە سەر ئەفسانەی کاوە و زوحاک.

لە کەس شاراوە نییە کە کورد هەر لە کۆنەوە، گەلێکی ئاژەڵدار بووە و بە دەم ئاژەڵداریشەوە کشتوکاڵیشی کردووە، لە ژیانی کوردا گۆڕانە وەرزییەکان، گرینگی تایبەت بە خۆی هەبووە، هەر بۆیە لە تەواو بوونی وەرزی سەرما و سۆڵەی زستانی شادی و خۆشیان گێڕاوە، مامۆستا هێمن موکریانی جەژنی نەورۆز دەباتەوە سەردەمی ئاژەڵداریی و پێی وایە ئەو ڕۆژە ڕۆژی مەڕ زایینە. لەو سۆنگەیەوە ئەو ڕۆژە کراوەتە بۆنەو یادێکی تایبەت.

نەورۆز لە کوردەواریدا بۆنەو یادێکی تایبەتە و مێژوویەکی کۆنی هەیە. لە هەموو شوێنەکانی کوردەواریدا ئەم یادە بەڕێوەدەچێ. یەکێ لە خاڵە هاوبەشەکان لە نێوان زۆربەی کوردەواریدا ئاگر ڕۆشن کردنی نەورۆزە. یەکەمین نووسەری کورد کە بە کوردی باسی دابونەریتی نەورۆزی کردبێ ئەحمەدی خانی بووە. زۆرێک شاعیرانی تری کوردیش هۆنراوەیان بۆ نەوروز داناوە. لە دێرزەمانەوە لای ئێمەی کورد ئاگر هێمای نەورۆز بووە، هەربۆیە هەموو ساڵێکیش بە ئاگر یادی ئەو بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەییە دەکەینەوە.

سەرەڕای ئەوەی،کە لە هەندێ لە ئەفسانە کۆنەکاندا باس لەوە دەکرێ کە ئەو ڕۆژەی مرۆڤ بۆ یەکەم جار ئاگری تێدا دۆزیوەتەوە، دەکەوێتە کۆتا شەوی زستان و یەکەم ڕۆژی نەورۆز، بە گشتی ئاگر لە باوەڕی کۆنی کوردەواریدا هێمایەکی لە مێژینەیە. کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام کوردەکان زەردەشتی بوون، ئاگر بەلایانەوە وەک هێمایەکی پیروز پارێزراوە هەر لە کۆنەوە مرۆڤ کە بیری لە پێکهاتەی جیهان کردووەتەوە، پێی وا بووە کە ئەم جیهانە لە چوار توخمی( خاک، ئاو، با، ئاگر) پێک هاتووە،«خاک و با و ئاو» پیس دەبن،لەو نێوەندەدا ئەوەی پیس نابێت ئاگرە، لە نێو ئەو چوار توخمە پێکهێنەرەدا، ئەوەی ڕووناکە ئاگرە، ئاگریش بەردەوام لەگەڵ تاریکیدا لە شەڕێکی نەبڕاوەدایە، ئاگر هێمای شەڕی دەسەڵاتی حەق و ڕاستییە بەسەر تاریکیدا، لە شیعری ئەو شاعیرانەدا کە باری نەتەوەیی و بەرەنگارییان هەیە، ئەوە ڕەنگی داوەتەوە، ئەوەیە کە هەمیشە دەسەڵات بە شەوە زەنگ وەسف کراوە و لایەنی ئازادیخوازیش بە مژدە بەخشی ڕووناکی.

لەگەڵ ئەوەی کە هیواخوازم ساڵی نوێی ٢٧٢٥، پڕ خێر و بەرەکەتی دەست کەوتی سیاسی، کۆلامەیەتی و خۆشگوزەرانی نەتەوەیی بێت، بۆ کۆی تاکە پەژموردەکانی نیشتیمان، لە ئێستادا کە ئومێدێک هەیە بۆ هەڵهاتنی ئاسۆی بەختی کوردان لە باکور و ڕۆژئاوای نیشتیمانەوە، لەم نیشتیمانە کەرت و هەرێمە پەرتەی باشوورەوە لە بەردەوامی ناڕونی و نائارامی و ناتەبایی و دابڕانەکاندا، لە بازنەکانی گەشبینی و خەندەی مرۆڤ دۆستی وحەزی نیشتیمانیبوندا، بۆپێشەنگە سیاسیەکان هیواخوازم، ساڵی نوێ دەستپێکی ڕاستگۆی نیشتیمانی بێت، ساڵی وازهێنان بێت لە ڕق و بوغز و قینی نێوانیان، لە فراوان کردنی بازنەکانی کاری پێکەوەیدا ساڵی یەکترقبوڵکردن و بەخۆدا چوونەوە و دانان بە هەڵەکان و دۆزینەی ڕاستە ڕێگاکانی پاراستنی شکۆی خاک و خەڵک بێت، لەو هیواو خۆزگە نیشتیمانییەوە، بۆ ئەم یادە لەم نەورۆزە نامەیەدا، بە پێویستم زانی،وەک دوا وتەی ئەو باسەی سەرەوە گەشتێک بە نێو هۆنراوەی ژمارەیەک لە شاعیران بکەم وپێشکەش بەتەوای کوردزمان و کوردستانیانی بکەم.

مەولەوی: -
نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن
یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن

وەفایی: -
نەسیمی بایی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هینا
موریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هێنا

حاجی قادری کۆیی:-
ڕۆژتە ئەی بایی نەورۆزی لەبن بەفری گران
کانی پێی سڕ بوو چناریش دەستی چوو پەنجەی تەزی

حەریق: -
ئەڵێن وا جەژنی نەورۆزە دڵم پڕ ئاتەش و سۆزە
وەرە بۆ جەژنە پیرۆزە بدەم ڕۆحم لەبەر ماوم

حەمدیی ساحێبقران:-
نەورۆزە، جەژنە بۆیە چراغانی عالەمە
یا ئاگرە لە عومری شێتا کوژایەو

مامۆستا حەقیقی:-
مزگێنی بێ هات ساڵی نوێ
خۆشی دوای خۆشی جوێ بە جوێ

نالی: -
تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ
دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ

گۆران: -
ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف بڕ
ڕۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان دڕ

پیرەمێرد:-
ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە

ڕەحیم لوقمانی:-
ڕۆژ لە ئاسۆی سوور شەوق ئەداتەوە
ئەڵێ ئەمساڵیش نەورۆز هاتەوە

مەلا ڕەحمان ئاوارە:-
یادگاری چەکوشی کاوەیە نەورۆز
قەڵای زوحاکی کرد بە تەپ و تۆز

هێدی:-
جێژنی کۆن و ساڵی تازەی کوردەواری هاتەوە
هاتەوە ئاگری خەباتی ئەو گەلە خۆش

نافیع مەزهەر (شپرزە( :-
شەماڵ لە لووتکەی کێوی نەکەرۆژ
هێنایە سەقز پەیامی نەورۆز
وتی ئەم جەژنەی کاوە و فەرەیدوون
لە کوردانی پاک پیرۆز بێ پیرۆز

عبدوڵڵا پەشێو:-
ئەمساڵ بێ چیا نەورۆز ناکەم بێ بۆنی گیا نەورۆز ناکەم
نەورۆز ناکەم بێ بڵێسەی سووری ئاگر .
نەورۆز ناکەم گەر ڕەشبەڵەک تۆز نەکات وبەخۆم نەبمە سەرچۆپیگر.

# عەلی محەمەد چوارتایی

سەما لەگەڵ پرووشە بەفرەکانی ئاسماندا..

بەستەو هۆرە لەگەڵ زریانێکی سەختی زستاندا،سێ پێی وەهەڵپەڕکێی کوردانە لەگەڵ شنەی شەماڵی گمۆدا!

ماوەی چەند ڕۆژێك بوو کرێوە و بەفرو زریان نەی دەهێشت لەبنکە بێینە دەرەوە،کلوە بەفرە سپیەئاڵتوونیەکان دەبارین بەسەر زەوی وخاکی تەزوویدا،لە ژوورەوەی بنکەکەمان زۆپایەکی دار نێڵە نیڵی دەسووتا،ئێمەش وەك دەروێشێکی عاشق بەچوار دەوری زۆپاکەوە زکرو تەهلیلەمان بۆ نوری خودا دەکرد،لەخودا دەپاڕاینەوە خاک زەوی تەزیوو پارێزراو بکات لەتووڕەی زستان، شەوێکی خەماوی بوو،پڕ بوو لەگریان وغوربەت،دوور بووین لەباوەشی گەرمی دایک ولەخۆشەوویستی ڕۆحی پاکی باوک،چرای ژوورەکەمان کز کز،دەسووتا زور جار لێمان زیزدەبوو دەکوژایەوە،تاریکی دەبوو بەمیوانی ژوورەکەمان، ئێمەش خێرا ئاشتمان دەکردەوە،ودەستمان دەکردەوەملی وتیشکە زەردەکەیمان ماچباران دەکرد،ئەوکاتەشی چاوە کانمان ماندوو دەبوون وجەستەکانیشمان سڕدەبوون.خەوی شیرین دەي بردین بۆناو بەهەشتەڕەنگینەکەی و ڕۆحی ماندووشمان دەچووە ناو بەهەشتەکەی خودا!

لەسەر ڕووبارە مەیەکەی بەهەشت،پێک لەدوای پێک شەرابی خودایمان نۆش دەکرد لەگەڵ فریشتە ڕەنگاڵەیەکانی خودا،دا سەمامان دەکردوگۆرانیمان بۆژیان بۆئاشتی وکامەرانی مرۆڤەکان دەچڕی..

سرووشتی ژیانە شەوی درێژو پڕ لەخەوی خۆش کۆتایی دێت وجارێکی تریش خۆردەبێتەوە بەمیوانی زەوی..

ئای ئەوشەوە بەهەشتیەی خودا چەندە خۆش بوو..حەزم دەکرد ئەوشەوە ببێ بەسەدەیەک وتەواو نەبێ،بەڵام حەیف!

سپیدەی بەیانی بوو چاوەکانمان بەتیشکی گەرمی خۆر کرانەوە،هەورە سپیەکان و ساردی شەو ماڵ ئاوایان لەئاسمان کرد و خۆریش جارێکی تر تیشکە زەردەکانی ناردەوە بۆزەوی بەستوو،لک وچڵی دارە بەستووەکان گەرمیان بووە. ئێمەش دوای نان خواردنی بەیانی لەبنکەی بەستوو هاتینە دەرەوە خۆر بوو بەمیوانی جەستەوهەناومان سیماو دیدەمانی گەرم کردەوە.. دوایش هەمومان بووین بەمیوانی پردی کاڕەش !

بەکامێراکەم ئەو ڕۆژە ئاڵتونیەم لەمردنی ڕۆژگار ڕزگار کرد،ئێستا لەناو البومی یادەکانمدایە وسەما بۆ ئێستا دەکات و

مێژوو بۆ ئێوە دەگێڕێتەوە

مانگی (2) ساڵی 1988 شاناخسێ پردی کاڕەش کەرتی (3) تیپی 37 شارباژێڕ

ڕیزی دواوە ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە..

1.شەهید طە شاناخسێی مانگی 7 ساڵی1988 لەگەرەوانی خوارو لەمەڵبەندی سێ شەهید بوو

2.احمد شاناخسێی..

3.عادل سەراوی..

ڕیزی ناوەڕاست دانیشتووەکان لەڕاستەوە..

1.عبدالا پێنجوێنی.

2.فەرهادەڕەش ..

3.حەمەعلی ..

4.شەهید حسین ڕەش ساڵی1991 شەهید بوو..

ڕیزی پێشەوە.

1.شەهیدرێبوار شیوەکەڵی مانگی (8) ساڵی1988 لەگوندی بادیناوای نزیك پیران شاری کوردستانی ڕۆژهەلات شەهید بوو

2.خاڵە سەراوی.

3.عزیز سەراوی..

کاك عبدالاو فەرهادە ڕەش..پێشمەرگەی کەرتی (1)بوون ئەوشەوە میوانمان بوون.

ڕۆحی نەمران شاد بێت گڵکۆی زێڕینیان چراخان بێ...تەمەن درێژی وژیانیکی خۆش بۆ ئەوهاوڕێیانەی ترم.



## بەیادی جاران!

ئەوعەیام ژیان پڕ لەخۆشی بوو دەمردین بۆ ئەمڕۆ،دیقەت بدەن چاوەکان بۆچی دەڕوانێت.؟

دەڕوانێت.بۆ ئاینده دەڕوانێت بۆجیهانێکی نوێ.بۆ دنیایەکی باشتر وەک گەورەکانمان دەیان ووت:جیهانێک بنیات دەنێین.بێ چەوسانەوە دنیایەک درووست دەکەین بێ زووڵم،جیهانێک بێ شەیتان جیهانێک مرۆڤەکانی ڕۆحیان فریشتەی دەبێت..

پێیان ووتین:زیندانەکان دەکەین بەقوتابخانە،تاوانباران دەکەین بەفریشتە!

پێیان ووتی: تەمەنی مرۆڤەکان دەکەین بەتەمەنی نوح گریان دەکوژین خەندەش بۆمرۆڤەکان بێ جیاوازی..

ئەوان گەورەکانمان وایان ووت: پێکەنین بۆهەمووان..

دۆزەخیش بۆجەلادان..

شای لۆغان بۆعاشقان.

دۆزەخیش بۆبکوژان.

دوای دڕۆیان کرد لەگەڵ ئێمە لەگەڵ خۆیان لەگەڵ مێژوو..

شوێن.ئۆردووگای کەناروێ لای مزگەووتەکەی سەر پردەکە..

ساڵی 1984!

کەرتی ڕێکخستنی چوارتا..

ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە.

1-ئەنوەری مەلا..

2-مەلا بەکر..

3-خوالێ خۆش بووعوسمان چناریێ..

4-شەهید نەژاد..

5-شیخ ڕەسوڵ گەنکێی..

6-شەهید تالیب گەنکێی..


7-جلال ماوەتی..

8-دانیشتووەکە،عوسمان مامە خەلانی..

ڕۆحی نەمران شاد بێت .

تەمەن درێژی وژیانێکی خۆش بۆ ئەو بەڕێزانەی تر.

حەمەعلی..



# فایەق بێکەس و شیعری (لافاوی عیلم)

## تەها عومەر



زۆرجار لەئەدەبدا ڕەشبینی و نائومێدی یەخەی بەشاعیران و نووسەرانی کورد گرتووەو خەمی جەهل و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردی بەجۆرێک بێتاقەتی کردوون لە خەڵک و کۆمەڵگا دابڕێن و بەشیعر یاخود بەنووسین ئەو خەم وئازارەی ناخی خۆیان دەربڕیوەو تووشی بێ ئومێدی و ڕەشبینیەکی گەورە بوون .

نموونەش لەوانە پیرەمێردو گۆران و قانع و مفتی پێنجوێنی و مێژوونووس حسێن حوزنی موکریانی و زانای ئایینی مەولانا خالیدی نەقشبەندی و حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورەو نەجمەدین مەلا و کامەران موکری و مەدهۆش و زۆری تریش .

کەسانێکی وەکو حاجی قادرو نالی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی سەری خۆیان هەڵگرتووەو لە غوربەت سەریان ناوەتەوە ، مێژوونووسێکی پایەداری وەک حسێن حوزنی موکریانی بە سیخوری ئینگلیزەکان تۆمەتبارکراو دواتریش ژەهر خواردوو ئەکرێت ، شاعیرێکی بەرزی وەکو قانع لەترسی لۆمەو تانەو سەرزەنشتی خەڵک نەیتوانیوە بەشێکی شیعرەکانی بەچاپ بگەیەنێت و وەسێتی کردووە دوای مردنی چاپ بکرێن ، بۆیە دوای مردنی خۆی بەناوی بەناوی (پاشمەرگەی قانع) وەوە چاپ ئەکرێت .

پیاوێکی منەوەری وەکو نەجمەدین مەلا سەرباری ئەوهەموو خزمەتەی بەئەدەب و زمان و فەرهەنگی کوردیی کردووە ، لە قوتابخانەکەیدا بەناوی (کەشتی نوح) وەوە هەزاران کەسی لەمناڵ و گەورە فێری خوێندەواری کردووە کەچی مناڵیان لێ هان ئەدا بەردی تێ بگرن و زۆرجار هەراسان و بێزاریان کردووە .

مەلای گەورەی کۆیە لەشیعرێکدا ئەڵێت :

هەتا دەمرم لەبۆ کوردان دەناڵم
عیلاجیان چۆن بکەم هاوار بەماڵم
بەزۆری جاهیل و نەخوێندەوارن
لەناو نەوعی بەشەر بێ قەدرو خوارن .

من لێرەدا پێم خۆشە باس لە یەکێک لەوشاعیرانە بکەم کەزۆرجار تووشی ئەوڕەشبینییە بووەو بەشیعر دەری بڕیوە ئەویش شاعیری بەرزو دیاری کورد (فایەق بێکەس) ە .

شاعیری پایەداری کورد فایەق بێکەس لە چل وسێ ساڵی تەمەنیدا سەربەرزانە ژیاو هەمیشە ئازار و خەمی نیشتمانەکەی بەکۆڵیەوە بووەو دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردی لەناخەوە سووتاندوویەتی ، ئەمەش لە هەمووشیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە ، نەک هەر شیعر بەڵکو لەکردارو ژیانی ڕۆژانەشیدا هەروابووە ، بوێری و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی ئەوبەقسەو کردارەکانیشیەوە ، بەشیعرەکانیشیەوە بەئاشکرا دیارەو ، هەمیشە دوژمنی کەسانی خوارو خێچ و بەرژەوەندی پەرست و خیانەتکارو نیشتمان فرۆش بووە ، لەکەس نەترساوەو چی ویستووە لەبەردەم هەموو کەسێکدا بوێرانە وتوویەتی ، هەروەک چۆن ڕووبەڕووی ئینگلیزە داگیرکەرەکان بێ ترس دواوەو ڕووبەڕووی ئەدمۆنزی گەورە پیاوی ئینگلیزەکان شیعری بیست و حەوت ساڵەی خوێندۆتەوە .

بێکەس لەپیشەی مامۆستاییدا دەیەهاو سەدەها ڕۆڵەی کوردی فێری خوێندەواری کردووەو لەگەڵیدا وانەی بوێری و نیشتمان پەروەریی پێ وتوون ، لەو پێناوەشدا تووشی دوورخستنەوەو دەرکردن و نەفی کردن و گرتن و لێدان و زیندانی بۆتەوە ، بەڵام هەر کۆڵی نەداوە ، شیعرە ئاگرینەکانی باشترین شاهێد حاڵن بۆ ئەوە .

ڕەخنەی لەدیاردە ناشیرینەکانی کۆمەڵگا گرتووەو بەگژ دواکەوتووییدا چۆتەوە .

بەڵام زۆرجاریش کە دواکەوتوویی لەڕادەبەدەری کۆمەڵگای کوردی و خۆفرۆشی و بەرژەوەندیی باڵای تاکەکەسیی لەخەڵک بینیوە تووشی بێ ئومێدییەکی زۆربووەو بەشیعر دەری بڕیوە ، لێرەدا دەقی یەکێک لەو شیعرانەتان ئەخەمە پێش چاو کەچەندە ڕەشبین و بێ ئومێدو دڵشکاو بووە لەکۆمەڵگاکەی بەناوی (لافاوی عیلم) :


لافاوی عیلم

شیعری : بێکەس


تووشی لافاوی عیلم بووم و بەڵام زوو دەرپەڕیم
سواری پاپۆڕی جەهل بووم و بەناویا تێپەڕیم
سەد شکور ئۆخەی نەجاتم بوو لەباسی عیلم و فەن
نامگرن جارێکی تر ، بۆیە لە کەیفا هەڵپەڕیم
خوێندەواری شێتیە هەر جەهلە ئینسان سەرئەخا
گەر لەمەولا ناوی عیلمم بەرد بزانن سەرسەریم
هێندە تەعقیبی هەقم کرد ، تاکو نانی خۆم بڕی
سووک و ڕیسوابووم بەجارێ ، گیرۆدەی ئاخر شەڕیم
گەرچی تائێستا وتوومە تێبگەن ، زوو پێبگەن
بەو قسانەم قەتعیەن بروامەکەن سەگ بووم ، وەڕیم
پیاوی دانا ، عەقڵی دانا ، زانی بۆی ناچێتە سەر
بەرگی نادانیی لەبەرکرد ، بووبە خاوەن زێڕو سیم
، هەرکە زایم حاڵی زانا حەپسە نەفیە ، یان شەقە
هەر کتێبێکم هەبوو ، دوێنێ لەداخانا دڕیم
شەرتە کەربم بارە گوێزم لێ بنێن خرەی نەیە
با دەمێ ، زۆرو کەمێ وەک بێ خەمێ بۆخۆم بژیم

ئەم شیعرە بەرزە بۆ هەموو کات وسەردەمێکی ئێمە گونجاوەو هەرپێویستمان پێیەتی ، چونکە هەمیشە لای ئێمە مێژوو دووبارە ئەبێتەوەو وانەی لێ وەرناگرین ، چونکە کۆمەڵگایەکین نە خوێندنەوەمان بۆ ڕووداوەکان هەیە ، نە نرخ و بەهای خۆمان و گەورە پیاوو منەوەرەکانمان و نیشتمانەکەمان لایە .

سڵاو لە گیانی پاکی بێکەسی شاعیری گەورەی کورد .








# ڕەمزی قوتبەدین

## -1955 لە خانەقین لەدایکبووە

٢٠٢٢ - گەلەری کامپدن، گلۆستێرشایر، بەریتانیا (ئایار-حوزەیران(
٢٠٢١ - گەلەری پاپییێرس دی ئارت، rue Pastourelle٣٠ ، پاریس (٢ تا ٢٠ی حوزەیران) - کۆمەڵەی گەلەری ستیفانی-پێریساک، پاریس (٢١ی ژانویە/١١ی شوبات(
٢٠٢٠ - گەلەری کامپدن، گلۆستێرشایر، بەریتانیا (١٥ی ئاب/٦ی ئەیلول(
- 2019گەلەری کلاودین لێگراند، rue de Seine49 ، پاریس (3 - 2019.(٢١ی کانوونی دووەم(
گەلەری کاغەزی هونەری، rue Pastourelle30 ، پاریس) ١٤ی ئازار-٢٠ی نیسان(
گالێری گویلۆم ویلباوت، ١٨ ڕوی دو داوفین، هۆنفلۆر (شوبات - ئازار(
- 2017-2018گەلەری ئارت ئێن سێن، rue Dufy6 ، ( 76600 Le Havre٢ی کانوونی دووەم-١٣ی ژانویە(
- 2016ماڵی هونەری کۆنچێس، 27190 کۆنچێس ئێن ئۆچێ، )٢١ی ئایار-٢١ی ئاب ( )کەتەلۆگ(
گەلەری هونەری دی هاودریسی، نۆک-لی-زۆت، بەلجیکا (شوبات - ئازار(
٢٠١٥ - گەلەری لا ڤێلۆز، ٤ شوێن سانت کاترین، هۆنفلۆر) ٢٧ی حوزەیران-٢٦ی تەمموز(
- 2014گەلەری نانینک و لێنگاین، 62500 سانت ئۆمەر (کانوونی دووەم(
گەلەری فۆندری، واشنتۆن دی سی (3- ٢٨ی ئەیلول(
گەلەری مێزۆ، rue de l'Université46 ، پاریس) ٥ی حوزەیران-١٩ی تەمموز(
گەلەری لا ڤێلۆز، 4 شوێن سانت کاترین، هۆنفلۆر) ٣١ی ئایار-حوزەیران(
- 2013گەلەری چالاک، سلێمانی , کوردستان (بۆ هەمیشەیی(
مۆزەخانەی ئامێنێ سورەکا، سلێمانی , کوردستان (نیسان(
- 2012گەلەری نانینک و لێنگاین، 62500 سانت ئۆمەر) ١٢ی ئایار-٢٤ی حوزەیران(
پێشانگای تایبەت ستیفانی پێریساک، کابینەی حکومەت پێرۆ دی جۆتێمپس، پاریس (ژانویە - شوبات(
٢٠١١ - وۆرک شۆپ لێ ترۆ دی لا ڤێنتێ، ٧٧٦٩٠ مۆنتیگنی/لۆینگ) ١١ی کانوونی دووەم - کانونی دووەم(
٢٠١٠ - پێشکەشکردنی تایبەت لە ستیفانی فۆکۆنیەر-پەیریساک، پاریس (تشرینی یەکەم - تشرینی دووەم(
گەلەری سەردەم، سلێمانی , کوردستان) ١٥ی کانوونی دووەم-١٥ی ژانویە(
٢٠٠٩ - گەلەری سێپتێنتریۆن، لیل) ١٤ی تشرینی دووەم-٣١ی کانوونی دووەم(
٢٠٠٩ - گەلەری نانینک و لێنگاین، ٦٢٥٠٠ سانت ئۆمەر) ٢٠ی ئازار-٦ی حوزەیران(
٢٠٠٦ - زە میلێ ئۆف مەینتێنای، ٦٢٨٧٠ ماینتێنای) ١٥ی نیسان-٣١ی ئایار(
گەلەری کلاودین لێگراند، rue de Seine49 ، پاریس) ٢٦ی ژانویە-١١ی شوبات(
٢٠٠٥ - گەلەری بوچیندۆم، لیل) ٢٠ی تشرینی یەکەم-٣٠ی تشرینی دووەم(
٢٠٠٣ - گەلەری کلاودین لێگراند، rue de Seine٤٩ ، پاریس (ئۆکتۆبەر(
٢٠٠٢ - ٣ سەنتەری ڕۆشنبیری ئێپیس، بریڤ) ١٥ی تشرینی یەکەم-٢ی تشرینی دووەم(
گەلەری کالو مێریت، rue des Beaux-Arts17 ، پاریس) ٦ی نیسان-١٨ی ئایار(
موزین دێر ستادت، ڤیەنا (نەمسا) (ئازار(
٢٠٠٠ - گەلەری کالۆ مێریت، rue des Beaux-Arts١٧ ، پاریس) ٢٦ی شوبات 1 -ی نیسان(
١٩٩٩ - سەنتەری هونەری هاوچەرخی سانت سیپرین) ٢٣ی ژانویە-٢٨ی شوبات(
١٩٩٨ - ماڵی بێری، ئیسۆدون) ٢ی تشرینی یەکەم-٣ی تشرینی دووەم(
١٩٩٧ - گەلەری گێری سپریت، بۆندوس-لیل (ئۆکتۆبەر(
١٩٩٦" - کارەکانی ئەم دواییە"، گەلەری کالو مێریت، پاریس) ٢٥ی ئەیلول-٢ی تشرینی دووەم(
“دۆزینەوە”، گەلەری کالۆمێریت، rue des Beaux-Arts17 ، پاریس) ٢٠ی شوبات-١٦ی ئازار(
١٩٩٥ - ناوەندی ڕۆشنبیری “لا کلیف”، پاریس
١٩٩٠ - ئەلبی
١٩٨٩ - هۆڵی پێرۆزی، ساکێز، کوردستان) ٣٠ی ژانویە-١٥ی ئازار(
١٩٨٣ - هێلێدین، کوردستان ١٩٧٩؛
- 1979هۆڵی گێدجە، سلێمانی , کوردستان
١٩٧٦ – خانەقین ، کوردستان
-بةشداري ضةندين ثيشانطةى هاوبةشي كردووة لة ولآتاني جياواز.






























# لافاوی ساڵی ١٩٥٧

# ڕۆڵی ڕەفیق حلمی و عبدالله لوتفی وخەمخۆران لەقەرەبووکردنەوە




باش ئەم مێژووە بخوێنەرەوە بۆ مەعریفە فەرز وسونەتە بۆ بێ ویژدانیش وانە و دەرمانە بۆ خەڵکی بەوەفا و خەمخۆریش شکۆمەندی و ئاسودە بونی ویژدان و ڕۆحە .

مێژووی خەمخۆر و مرۆڤ دۆستەکانی شاری سلێمانی ١٩٥٨

نووسینی : ئامانجی مامۆستا عمر

هەموو مردویەکی لافاوەکەی ڕۆژی ١٨/١٠/١٩٥٧ بڕی (١٠٠) دینار وەردەگرێت وەکو هاوکاری لە ٦٤% زیانەکانی ماددی قەرە بوو کرانەوە

(١٠٠) دیناری ئەو سەردەمە چەندی ئێستا بووە ، بە پێی ئەو بەدوادا چوونەی من کردم بەبڕی (١٢٠) دینار خانوویەك لەگەڕەکی سابونکەران فرۆشراوە لەو سەردەمە ئەم زانیاریەم لەکاك نوری حمە علی وەرگرت کەبەبنەچە خەڵکی ئەوگەڕەکەن ، هەروەها لەو سەردەمەدا کە ئوتومبێل زۆر گرانتر بووە لە خانوو بە چەندین بەرامبەر حاجی سەلیم لە ساڵی ١٩٥٨ ئوتومبێلێکی ساڵۆنی ئەمریکی نوێ کڕیووە بە (٣٩٢) دینار کە (١٤) ئوتومبێلی ساڵۆن لە سلێمانی هەبووە

ڕۆژنامەی ژین لە ژمارە ( ١٣٦٦) لەڕۆژی ٢٤/١٠/١٩٥٧ ئەو لافاوەی بەگەورەترین کارەساتی ئەو سەردەمەی سلێمانی باس کردووە کەدەڵێت لەماوەی نیو سەعات باران بارینی بەخوڕ لەسلێمانی (٤٠) کەس دەخنکێنێت شەقامەکان بوون بە ڕوبار وەلاشە و داروپەردوو ئوتومبێل و ئەسپ و عەرەبانە بەسەر ئاوەوە دەڕۆیشتن وە ڕۆژنامەی ژین لەهەمان ژمارەی ژیندا داوای هاوکاری بۆ سلێمانی دەکات دەڵێت سلێمانی پێویستی بە هاوکاری گەورەیە !!

ڕۆژنامەی ژین لەو سەردەمەدا بەناوبانکترین و خۆشەویست ترین ڕۆژنامە بووە لەسلێمانی و کوردستان ، داواکاریەکەش ڕۆژنامەکەی پیرەمێردی خە مخۆر داوای دەکات .

ڕاستەو خۆ لەگەڵ ئەم داوایە (ڕەفیق حلمی ) دەست دەکات بە پێکهێنانی لیژنەیەك لە ناودارەکانی کورد و عەرەب لەشاری بغداد بۆ کۆکردنەوەی پیتاك و یارمەتی کە ئەم بە ڕێزانەن

١- ڕەفیق حلمی
٢- عبدالله لوتفی
٣-عبدالعزیز قەساب
٤- د. عبدالجبار ئەلریزلی
٥-محمد بریفکانی

بەپێی ئەوەی ئەم کەسانە زۆر کاریگەر بوون لەسەردەمی خۆیان لەو زەمەنەدا ، پەیوەندی باشیان هە بووە هەموویان لەسەر ئاستی عێراق ناسراو بوون هەڵمەتەکەیان زۆر سەرکەوتوو بووە ، کە چەند مانگێکی خایەندووە هەرچی دەوڵەمەند و سیاسی و سەرۆك هۆزەکان بووە چوون بۆ لایان شار بەشار و شارۆچکەی عێراق گەڕاون بۆ کۆکردنەوەی هاوکاری ماددی کە سە رئەنجام بڕی (٥٠٠٠٠) دینار پەنجا هەزار دیناری ساڵی ١٩٥٨ کۆیان کردۆتەوە کە بڕێکی هێجگار زۆر بووە لەو سەردەمەدا کە بە بۆچوونی من لە ئێستادا زیاتر لە پێنج سەد ملیۆن دۆلار دەکات ، کەئەم خەمخۆرانە بێ بەرژەوەندی خۆیان تەنها وەکو خەمخۆری مرۆڤ دۆستی بۆ شاری سلێمانیان کردووە

دێینەوە سەر دابەشکردنی دادپەروەری پارەکە:

ڕۆژنامەی ژین زۆر خۆشحاڵ دەبێت بەم هەوڵە ی ڕەفیق حلمی و عبدالله لوتفی و هاوڕێکانی بەبڕوای من چاوەڕێ ئەو ئەنجامە گەورەیە نە بووە کەئەم خەمخۆرانە ئەو بڕە پارەیە کۆ بکەنەوە بۆ یە بەفەرمی لە ڕۆژنامەی ( ژین ) لە لاپەڕە دوو ژمارە ١٢٧٨ ڕۆژی١٣/١/١٩٥٨ دەڵێت

جەنابی ڕەفیق حلمی و عبدالله لوتفی عبدالعزیز و دوکتۆر جەبار و موحەمەد بریفکانی تەشریفیان هێنا بۆ سلێمانی بۆ دابەش کردنی پارە بەسەر لێقەومانی لافاوەکەی سلێمانی

ڕۆژی پێنج شەممە گەلێ لەئەشراف و گە نجانی سلێمانی چوون بۆ ( بازیان) بەپیریانەوە هاتن هەر لەوێ کامەرانی شاعیر شیعرێکی پڕ ماناو وەفاداری بەسەر لیژنە خەمخۆرەکە ووت



ئێوارە لەگەڵ موتەسەریف گۆ بونەوە میکانیزمی دابەش کردنە چۆن بێت ، کەبەم شێوەیەی لێ هات

خەڵکە لێ قەوماوەکەیان بانگ کرد بۆ بیناى ( ڕێست هاوس)

زەرەرەکان خەملێنرا بوو بە (٩٠٠٠٠) نەوەد هەزار دینار

حکومەت بڕی (٢٠٠٠٠)بیست هەزار دیناری پێشتر دابەش کردبوو ، ماوەتەوە (٧٠٠٠٠) دینار ئەم لیژنەیەش بڕی (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزاری کۆکردۆتەوە ، ئەمانەش پیاوی دەوڵەت داری خاوەن ویژدان بوون بۆیە بڕیارِیاندا

هەر مردوویەك ١٠٠دیناری پێی بدەن

وەهەر کەسێك زەرەر مەند بووبێت بەیەکسانی ئەو پارەیە وەربگرێت وەبڕی ٦٤% پارەی ماوە بوو وەر بگرێت

وەئەم دابەش کردنە بەبەرچاووی موتەسەریف و خەڵکی شاری سلێمانی بوو

نووسینی ; ئامانجی مامۆستا عمر

تێبینی : ساڵی ١٩٥٠ پیرەمێرد کۆچی دوایی کردووە بەڵام چاپخانەو ڕۆژنامەکەی پیرەمێرد کە ژین بووە کاری کردووە، حاکم ئەحمەد زرنگ کە کچەزای پیرەمێردە ڕۆژنامەکەی بەڕێوە بردووە



خانەوادەی عبدالله لوتفی

















وێنەی لافاوی ١٩٥٧

# پرۆسەی ئاشتی تورکیا لە خەباتی چەکدارییەوە بۆ خەباتی سیاسی

## سەرکەوتی جیهاز و بەختیار نامیق






ئایا دوبارەبونەوەی سیناریۆکانی تری ئاشتی نیە لە تورکیا..؟
ئایا ئەو خاڵانە چین کە تورک و کورد لەسەری ڕێککەوتون و چەند مسداقیەتیان هەیە.؟
ئایا چەک دانان بێ دڵنیایی لەنێوەندی دەستەڵاتە شاراوەکانی تورکیا سیناریۆی کاتی نیە.؟
ئایا بەهۆی ئەم پرۆسەیەوە پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەسرێتەوە.؟
ئایا پەکەکە لەئەگەری پەشیمان بونەوەی تورکیا دەتوانێ پەنا بباتەوە بەرخەباتی چەکداری .؟

---

خەباتی چەکداری و بونی پەکەکە دەرئەنجامی بیری فاشیزمی تورک و باوەڕنەبون بەنەتەوەیەک بوە ، خۆ ئەگەر تورکیا وڵاتی دیموکراسی و پێکەوە ژیانی گەلان بوایە ئەوا خەباتی سیاسی و دیموکراسی دەبوە بنەمای کاری نەتەوەی کورد لە تورکیا و تەنها (دەمپارتی) بەس بو ، پێش ئەوەی باس لە پرۆسەی ئاشتی و پەیامەکەی ئاپۆ بکرێت ، دەبێت هۆکارەکان و پاڵنەرەکانی هاتنەکایەی پرۆسەی ئاشتی لە تورکیا بخوێنرێتەوە ، ترامپیزم قۆناغێکی ترە لە پەیوەندییەکانی وڵاتانی زلهێزی دنیا و دوای جەنگەکانی لوبنان و فەلەستین و ئۆکرانیاو سوریا و یەمەن و عێراق بەرژەوەندیی ڕوس و چین لەلایەک و ئەمریکا و ناتۆ لەلایەک دەچێتە قۆناغێکی تر کە دابەشکردن و ڕێککەوتنە ، ئەمریکا و ڕوس وەک سەرەڕمی دووجەمسەر بەرەو ڕێککەوتن دەچن ، لەم نێوەندەدا وڵاتانی زلهێزی ناوچەیی خۆیان ئامادە دەکەن کە یارییەکانیان بکەن بە ئاراستەی ڕەسمی نوێی بەرژەوەندی گرێدراوی جیهانی بە تایبەت ئێران و تورکیا .

تورکیا بە پێی ستراتیژی خۆی دەزانێت سوریا چەند گرنگە بۆ تورکیا وەک چۆن عێراق بۆ ئێران گرنگە ،کە ناودەبرێت بە سی هەناسەدانی تورکیا ، ئەوەش دەزانرێت لە ڕۆژئاوا کورد چوەتە سەر نەخشەی ئابوری و سیاسی و سەربازی ئەمریکا بە گڵۆپی سەوزی ڕوسییەوە ، بۆیە تورکیا لە بەرژەوەندیدایە لەبەر خواستی ئەمریکا و ڕوس پرۆسەی ئاشتی بێنێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ وەک ٢٠١٥ و قۆڵتر هەوڵەکانی ئۆزال . ئەمەش هەم بۆ پەکەکە بەسودە هەم بۆ تورکیا .

پەکەکە دەزانێت کە ڕای جیهانی پشتوانی دەکات و دەیەوێ پەکەکە لە لیستی تیرۆر بهێنێتەدەر و لەناو تورکیاش زەمینەش خۆش بکات بۆ کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی لەسەر بنەمای دیموکراسی و پێکەوە ژیانی گەلان بەتایبەت (تورک و کورد) ، بۆ ڕۆژئاواش ئاپۆ دەیەوێ لەم ڕێگەیەوە لەجەنگ دوری بخاتەوە بەتایبەت ئێستە کورد لە ڕۆژئاوا هاوبەرژەوەندییە لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا و ڕوس ، ئەوەش دەزانێ ڕوس پێگەکەی لە سوریا دەدا بە ئەمریکا لەبەرامبەر ئۆکرانیا و چینیش سودی ئابوری گەورەی دەست دەکەوێت.

تورکیا وڵاتی دەستەڵاتە شاراوەکانە لە ئەرگەنەکۆنەوە بۆ دەستەڵاتی قوڵ ، نە باخچەلی و نە ئەردۆغان ناتوانن بڕیادەری سەرەکی بن بۆ پرسە ستراتیژەکان بە تایبەت ئەم پرسە ، مێژوو ئەمەی سەلماندوە ، بەڵام لە ئێستادا کە بەناچاری دەبێت مامەڵە لەگەڵ کوردانی ڕۆژئاوا بکات بێ بونی کوردی باکور و پەکەکە ناتوانێ هیچ بکات وەک چۆن لە عێراق دوای سەدام کوردی باشور بو بە ئەمری واقع


قەندیل وەک جوگرافیا و پێگەی جیوپۆلەتیکی گرنگە ، وەک دەوترێ (قەندیل بەخەبەرە بۆیە هەولێر دەتوانێ بێخەم بنوێت) خۆ ئەگەر پەکەکە لە قەندیل نەبوایە ئەوا دەبوە مۆڵگەی داعش و گروپە تیرۆرستەکان ، دەبێت ئەوە بزانرێت کە ئایا تورک قەندیل دوای پەکەکە ناکاتە مۆڵگەی تیرۆرستەکان و خەو لە هەولێر تێک بدات.

لەئەگەر پەشیمان بونەوەی تورکیا ، کورد بێ چەک نابێت کورد ئێستە لەهەمو کات زیاتر چەکدارە بە تایبەت لە ڕۆژئاوا خۆ ئەگەر قەندیل چەک دابنێ و تورک لەم پرۆسەیە پەشیمان بێتەوە ئەوا ڕۆژئاوا بە شێوەی سەربازی بەهێزتر لە قەندیل چەکدارترە و دەتوانێ بە ڕێگەی تر بەخێرایی خەباتی چەکداری دەست پێبکاتەوە.

دیوی تری ئەم پرۆسەیە زەمانەتی دوەلی و وڵاتە زلهێزەکانە بە تایبەت ئەمریکا ، کە تا ئێستاش تەواو ڕون نیە و خاڵبەند و نێوەندگیرەکان دیارنین ، ئەگەرچی دیوی پشتەوەی ئەم پرۆسەیە یەک دنیا ڕوداوی شاراوە لە خۆ دەگرێ و پرۆسەیەکی هێواشی درێژخایەنە ، دەکرێ تێپەڕبونی کات وەڵامی زۆر پرسیار بداتەوە.

دیدەکان وای بۆ دەچن کە تورک تەنها بۆ کاتی ئەم پرۆسەیە دەوروژێنێ و دواتر پەشیمان دەبنەوە ، لە پێشهاتێکی وادا کورد ڕێگاکانی تری هەیە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تورکیا ،

بەڵام پەکەکە و ئاپۆ دەبو وەڵامی باخچەلی و ئەردۆغان بدەنەوە و داوای دڵنیایی دیموکراسی و یاسایی بکەن ، لەناوخۆی تورکیاش وەک خەباتی سیاسی و دیموکراسی کورد لە باکور ئامادەگیەکی تەواو چالاکی هەیە.



# نەورۆز
# جەژنی سەری ساڵ

نەورۆز بۆنەیەکی کۆنە کە لەلایەن زۆر نەتەوە و گەلی جۆراوجۆرەوە وەک کورد، فارس، ئەفغان و ئۆزبەک بە شێوەی جۆراوجۆر پیرۆز دەکرێت. ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی کۆن. سەردەمی دەستپێکی فەرمیی نەورۆز بەتەواوی دیار نییە و مشتومڕی لەسەرە زۆربەی لێکۆڵەران کۆکن کە بنەمای نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە دێرینەکان.

لە سەرەتای وەرزی بەهاردا خەڵکی کورد بەپێی داب و نەریت و چاندی خۆیان ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن، گوندی پەنگان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئاگر هێمای نەورۆزە لەلای کوردەکان

نەخشەیەک ئەو وڵاتانە پیشان دەدات کە نەورۆز تێیدا بەڕێوە دەچێت.

ڕۆژی نەورۆز دەستپێکی ڕۆژژمێری کۆچیی هەتاوییە کە ڕۆژژمێری فەرمیی وڵاتی ئێرانە و لە کۆماری کوردستانیشدا کەڵکی لێ وەرگیراوە. نەورۆز بە سەری ساڵی نوێی کوردیش دادەنرێت و لە هەرێمی کوردستان ڕۆژی پشووە.

نەورۆز لە وڵاتاندا

کوردستان

نەورۆز لە کوردەواریدا جەژنێکی تایبەتە و مێژوویەکی کۆنی هەیە. لە هەموو شوێنەکانی کوردستاندا ئەم جەژنە بەڕێوە دەچێت. یەکێ لە خاڵە هاوبەشەکان لە نێوان زۆربەی کوردەواریدا ئاگر ڕۆشن کردنی نەورۆزە.

یەکەمین نووسەری کورد کە بە کوردی باسی دابوونەریتی نەورۆزی کردبێت ئەحمەدی خانی بووە کە بە نەورۆزی گوتووە مەرسوومێ قەدیمێ کوردستانی یانی بۆنەی کۆنی کوردستانی. زۆرێک لە هۆنەرانی تری کوردیش هۆنراوەیان بۆ نەورۆز داناوە. ئاگر هێمای نەورۆزە لەلای کوردەکان، هەموو ساڵێکیش بە ئاگر یادی دەکەنەوە. لە ئایینی یارسانیشدا نەورۆز بۆنەیەکی گرنگە و تەنانەت دەفتەری نەورۆزیان هەیە و دەروێش نەورۆز سۆرانی یەکێک لە پیرەکانیانە. لە سەدەی بیستەمدا کوردەکان ڕووبەڕووی ئاستەنگی زۆر بوونەتەوە بۆ پیرۆزکردنی نەورۆز و بڕێک جار نەورۆز لەلایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە (واتە ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا) قەدەغە کراوە.

ئێران

بڕێک بەڵگەی مێژوویی هەن کە لە ئێرانی کۆندا یەکەم ڕۆژی بەهار وەک نەورۆز پیرۆز کراوە. بیروونی و فیردەوسی و سەعالەبی باسی مێژووی نەورۆزیان کردووە لە نێو خەڵکی ژێردەستی ئیمپراتۆریی ساسانیدا.

فیردەوسی بنەچەی نەورۆز دەباتەوە سەر جەمشید. لە وڵاتی ئێراندا نەورۆز جەژنێکی فەرمی و سەرساڵ بووە لە سەدەی بیستەمەوە. هەرچەند ئێران هیچکات بە فەرمی نەرۆزی قەدەغە نەکردووە بەڵام کوردەکانی تووشی بەربەستی زۆر کردووە بۆ پیرۆزکردنی نەورۆز بە دابونەریتی خۆیان.

تورکیا

لە تورکیا بۆنەی نەورۆز بۆ ماوەیەکی درێژ لە سەدەی بیستەمدا قەدەغە بوو و کوردەکان بۆیان نەبوو نەورۆز پیرۆز بکەن، بەڵام لە ١٩٩٠ەکانەوە دەوڵەت پشوویەکی بە ناو نەڤرووز ( nevruz)دانا. لەو کاتەدا نووسینی نەورۆز بە کوردی (وەک newroz)قەدەغە بوو. بۆ نموونە ساڵی ٢٠٠٧ شارەدارێکی شارێکی کورد بۆ بەکارهێنانی وشەی newrozلەجێی nevruz حوکمی زیندانی بۆ دەرکرا. دوای ٢٠٠٠ەکان کە پیرۆزکردنی نەورۆز ئاسایی بووەوە، هێشتاش ساڵانە ژمارەیەکی زۆر مرۆڤی کورد لە بۆنەی نەورۆزدا دەگیرێن.

عێراق

لە عێراق نەورۆز بۆنەیەکی فەرمی نەبووە و حکوومەتی بەغداد بڕێک جار هەوڵی داوە کە نەورۆز قەدەغە بکات، بەڵام کوردەکانی ئەو وڵاتە بە درێژایی سەدەی بیستەم نەورۆزیان پیرۆز کردووە. ڕۆشنبیرانی کورد وەک پیرەمێرد هەوڵیان داوە نەورۆز وەک هێمایەکی نەتەوەیی زیندوو بکرێتەوە و بەرگێکی تازە بپۆشێ. لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ نەورۆز بووە بە بۆنەیەکی فەرمی لە باشووری کوردستان.

سووریا

نەورۆز لە سووریای سەدەی بیستەمدا بۆنەیەکی فەرمی نەبووە و تەنیا کەمینەکانی وڵاتەکە وەک کوردەکان پیرۆزیان کردووە و هەمیشە لەژێر چاودێریی هێزە ئەمنییەکاندا بووە. لە ٢٠٠٠ەکانەوە حکوومەتی بەشار ئەسەد ڕای گەیاند کە ڕێگە بە کوردەکان دەدات مەراسیمی نەورۆز بگرن بەو مەرجەی نەبێ بە کۆبوونەوەیەکی سیاسی، بەڵام هەر لەو دەیەدا دەیان کەس لە سووریا لەسەر نەورۆز بریندار و زیندان کران.

ئازەربایجان

لە وڵاتی ئازەربایجان نەورۆز ڕۆژی پشوودانە. بەر لە ڕووخانی شۆڕەوی نەورۆز لە ئاسیای ناوەڕاست و قەفقازدا ڕۆژی پشوو نەبوو، بەڵام دواتر وڵاتانی ئازەربایجان، تاجیکستان و تورکمانستان و وڵاتانی تری ئەو ناوچەیە نەورۆزیان خستە ناو ڕۆژژمێری خۆیانەوە.

وڵاتانی تر

نەورۆز لەلایەن زۆر دەوڵەت و نەتەوە و کۆمەڵی خەڵکی ترەوە پیرۆز دەکرێت. بۆ نموونە کازاخستان، قرغیزستان، تورکمانستان و گورجستان نەورۆز پیرۆز دەکەن. هەروەها بڕێک لە خەڵکی باڵکان وەکوو سۆفییەکان لە ئەلبانیا جەژنی نەورۆزیان هەیە.


ئاهەنگی نەورۆز

لە هەر شوێنێک نەورۆز دابونەریتی خۆی هەیە. بۆ نموونە لە ئێران سفرەی حەوت سین ڕادەخەن کە ڕەسمێکە کە لە سەدەی بیستەمدا دروست بووە. لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستاندا لە شەوی نەورۆزدا ئاگرکردنەوە، هەڵپەڕکێ و سەیران هەیە. هەروەها ڕەسمی شەوی شەوی بەراتێ (فەرقی لەگەڵ بەرات هەیە) و کۆستە و میرەنەورۆزەش تۆمار کراون. لە ئەفغانستان ڕەسمی حەوت مێوە باوە.

ویکیپیدیا



بەپێی داب و نەریت و چاندی خۆیان  لە سەرەتای وەرزی بەهاردا خەڵکی کورد ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن، گوندی پەنگان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان.



ئاگر هێمای نەورۆزە لەلای کوردەکان

# هەموو شتێك بزانە دەربارەی ڕاپەڕینی بەهاری 1991

ڕاپەڕینی١٩٩١، یان ڕاپەڕینە مەزنەکە ناسراو بە (ڕاپەڕین) بریتی بوو لە ڕاپەڕینێکی جەماوەریی خەڵکی کوردستانی باشوور لەدژی ڕژێمی بەعس بە پاڵپشتیی هێزە چەکدارەکانی بەرەی کوردستانی کە ئەوکات لەدژی حکوومەتی بەعس خەباتیان دەکرد و لە چیاکانی کوردستان دژ بە ڕژێم ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنجام دەدا.

لەبەرئەوەی ڕاپەڕینی ئازاری١٩٩١ ی گەلی کوردستان، ڕووداێکی گەورە و گرنگ و ناوازەی مێژوویی بوو، دەسکەوت، گۆڕانکاری و وەچەرخانێکی گەورەی هێنایە ئاراوە، بە کورتی لێرە دا باسی چەند لایەنێکی ڕاپەڕین ئەکەین.

پێناسەی ڕاپەڕین: ڕاپەڕین شێواز و دەسکەوت و قۆناغێکی خەبات و شۆرشی هەر گەل و نەتەوەیەکە بۆ بەدیهێنان و جێگیرکردنی ئامانجەکان و بەدەستهێنانی دەستکەوتەکان و ڕزگارکردنی گەل و وڵا، بە چەندین شێوە و هۆکار ئەنجام دەدرێت.

هەڵومەرجی ڕاپەرین: لە ڕاستیدا ماوەیەک بەرلە ڕاپەڕین، بارودۆخی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هەلومەرجی سیاسی لەناو هێزە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور زۆر نالەبار و تەنگەتاو بوو، لەبەر ئەوەی کاتێک کە ١٩٨٨/٨/٨ شەڕی خوێناوی نێوان عێڕاق - ئێران وەستا، رژێمی بەعسی بەغدا دەست بەتاڵ بوو، بە هەموو هێز و شێوازێک کەوتە دژایەتیکردنی کورد، کوردی ئەنفال و کیمیاباران و ئاوارە و سەرگەردان کرد، شۆڕشی کوردی پووکاندەوە و، لایەنە چەکدارەکان چوونە سەر سنوورەکان، لەوێ مۆلگەیان کرد، لە هەموو ڕوویەکەوە ژیانێکی زۆر سەخت و دژوار و کوڵەمەرگیان بەسەر دەبرد، کورد بێ پشت و پەنا بوو، پیلانی زیاتری لەسەر بوو، وەلێ کەلە ١٩٩٠/٨/٢عێڕاق هێرشی کردە سەر کوێت و داگیری کرد، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان لە عێڕاقیان دا، دەرگای گۆرانکاری و ڕاپەڕین کرایەوە، سوپای رژێم تووشی تێشکان بوو، پێگەی نێودەوڵەتیی عێڕاق لاواز بوو، باری ئابووری و دەروونی و لۆجستی خراپ و لاواز بوو، لایەنە چەکدارەکانی عێڕاق هەستا نەوە و ڕاپەڕینیان بەرپا کرد.

ئامادەباشی بۆ ڕاپەرین: بەپێی هێز و توانای ئەوسای لایەنە چەکدارەکانی کوردستان و عێڕاق، لە هەموو ڕوویەکەوە کەوتنە ئامادەباشی بۆ ئەنجامدانی ڕاپەرین، سەرەتا لایەنە عەرەبەکان لە خوار و دەستیان بە ڕاپەرین کرد، ڕژێم لێیان کەوتە خۆ تا ڕادەیەک ڕاپەڕینەکەی سەرکوت کرد، دواتر لە جەماوەری کوردستان و لایەنەکان کەوتنە خۆ بۆ ئەنجامدانی ڕاپەڕین.

بارەگایان لەسەر سنوورەکان زیاد کرد، بە ڕاگەیاندن خەڵکیان وشیار کردەوە، کۆبوونەوەیان لەسەر ئاستی سەرکردایەتی پێکهێنا، ڕێکخستنەکانی خۆ و جەماوەرییان ئاڕاستە کرد.

هەر لایەنەنێک و لە سنوورەکانی خۆی، هەندێکیان پێکەوە دابەزینە ناو شار و شارۆچکەکان، لەلایەکی ترەوە جەماوەر و ڕێکخستنەکان ڕۆڵی گرنگیان لە پێشوازیکردنی پێشمەرگە و ئەنجامدانی ڕاپەرین و گرتنی بارەگا و دامودەزگاکانی حکوومەتدا هەبوو. هەر لایەنێکی سیاسی لە شارەکان تا ڕادەیەک کاری خۆی کردبوو، خەڵکی ئاگادار کردبووەەو ەو لیژنەی پێکهێنابوو.

ڕاپەڕین لە ٥ی ئازاری ١٩٩١ لە شاری ڕانیەوە دەستی پێ کرد و تا ٢١ی ئازاری ١٩٩١ لە پاش ئازادکردنی کەرکووک کۆتایی پێ هات و بەم شێوەیە دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعس لە کوردستانی باشوور کرانە دەرەوە و سەرجەم هێز و سەربازەکانیان کوژران و ڕاو نران. چەند ڕۆژێک پاش ڕاپەڕین، وەک وەڵامێک حکوومەتی بەعسی عێراق بە سوپایەکی بێشوومارەوە هێرشی کردەوە سەر کوردستان و کۆڕەوی خەڵکی کوردستان دەستی پێ کرد، کە تێیدا خەڵکی کوردستان ئاوارە بوون بەرەو سنووری وڵاتە هاوسێکانی عێراق.

دەستپێکی ڕاپەڕین

ئەگەرچی ڕاپەڕین لە ٥ی ئازاری ١٩٩١ لە ڕانیەوە، کە ناسراوە بە (دەروازەی ڕاپەڕین) دەستی پێ کرد،




بەڵام لە ٣ی ئازاری ١٩٩١دا بۆ یەکەمجار وەکو دەستپێکی راپەڕین لە ئۆردووگای خەبات و کەڵکی هەولێر شەڕێک لە نێوان پشدەرییەکان و بنکەی پۆلیس ڕووی دا، دەرەنجام هەڵیان کوتایە سەر پۆلیس و دەستیان بەسەردا گرت. رژێم هێرشی کردنە سەر و سەرکووی کردن و محەمەد فارۆق و بەخیاری لێ کوشتن و دوو کەسیشی لێ زامدار کردن.

پاشان ڕێکەوتن لە نێوان رژێم و جەماوەردا کرا و دامودەزگاکانی گەڕانەوە ئەوێ تا ڕاپەڕین لەوێش بەرپا بوو، هاوکات هەمان ڕۆژ ڕاپەرین لە بەسرەش سەری هەڵدا. ٥ی ئازاری ١٩٩١دا ڕاپەرینی گەلی کورد لە شاری ڕانیە لە کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی بە فەرمی دەستی پێ کرد، لە هەموولاوە جەماوەر داڕژانە سەر کووچە و کۆلان و شەقامەکان، لە ڕادیۆکان و بڵندگۆی مزگەوتەکان خەڵکیان هان دا بۆ ڕاپەڕین. پاشان جەماوەر هەڵیان کوتایە سەر دامودەزگاکانی حکوومەت، بۆ سەعات ٣ی سەر لە ئێوارە سەرجەم ڕانیە لە ڕژێم پاک کرایەوە، هەمان ڕۆژ (چوار قورنە و حاجیاوا و دەشتی بتوێن) و سەربازگەی (سەرکەپکان) ئازاد کران، جگە لە تیپی ٤٤ی چواڕ قورنە ٥٠ کەس لە رژێم و ١٠٠ کەسیش لە هاوولاتیان کوژران، ژمارەیەکی زۆر لە ڕژێم گیران، بۆیە ئەمڕۆژە لە مێژووی کورددا بە ڕۆژی ڕاپەرین و ڕانیەش بە دەروازەی ڕاپەڕین دادەنرێت، ئەگەرچی لەلایەن لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بڕیار بوو ٧ی ئازار دەست بە ڕاپەرین بکرێت، بەڵام جەماوەر زوو گڕی گرت و ڕاپەرینیان بەرپا کرد

ڕۆژژمێری ڕاپەڕین

لە ٦ی ئازاری ١٩٩١ ناوچەی بازیانی یەک و دوو و ناوچەی ناو دەشتی پشدەر ئازاد کران، بە جۆریک کە لە بازیان لە کاژمێر ٤ی ئێوارە هەڵیان کوتایە سەر دامودەزگاکانی حکوومەت و هەر زوو سەرکوتیان کردن، لە پشدەریش سەربازگە و پادگاکانی ڕژێم لە نێوان پێشمەرگەی سەرەوە و جەماوەردا دەورە دران و هەر زوو گیران، تەنها فەوجی قادرئاوای پشت (سەنگەسەر) نەبێ کە شەڕی مان و نەمانیان کرد و بووە هۆی قوربانیدانی چەندان پێشمەرگە و هاووڵاتی و کوژرانی دەیان سەرباز و گیرانی فەوجەکە. لەلایەکی ترەوە، هەمان ڕۆژ لە بێتوێن تیپی ٤٤ی چوارقوڕنە لە سێ لا دەورە درا و هەر زوو کۆنترۆلکراو دواتر بنکەکانی سەر (کلکەی کۆڵین و حاجیلە) و بەرزایەکانی دۆڵە ڕەقە بێ شەڕ دابەزینە خوارەوە و تەسلیم بە گەل بوون، تەنها لە تیپی چوارقوڕنە چەند شەهیدێکی خەڵک و کوژراوی ڕژێم هەبوون. ڕژێم لیوایەکی لە کۆیەوە هێنایە (گردجان) بۆ پاڵپشتیی تیپی چوارقوڕنە و بە تۆپ و خومپارە کەوتە گیانی هاووڵاتیانی ناوچەکە. هەر هەمان ڕۆژ ئەوێش گیرا و چەند سەرباز و ڕائیدێکی لێ کوژران.

٧ی ئازار ڕاپەڕینی سلێمانی دەستبەسەراگرتنی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی لەلایەن جەماوەر و هێزی پێشمەرگەوە و پاککردنەوەی لە پیاوانی ڕژێم و سەربازان دەستی پێ کرد.

لە ٧ی ئازاری ١٩٩١دا جەماوەری شاری سلێمانی ڕاپەڕین و هەر زوو هەڵیان کوتایە سەر بنکەی حامیەیی پۆلیس و بەر دەرکی سەرا و ئازادیان کرد، هەروەها بۆ بەیانیی ٨ی ئازار قەڵای ئەمنە سوورەکەی سلێمانی و سەر بازگەی سەلام و پادگاکانی سەر چیای ئەزمەڕیان کۆنترۆڵ کرد بە جۆرێک بە هەزاران سەرباز خۆیان دا بەدەستەوە و دەیان پلەدار و پیاوانی ڕژێم کوژران.

٨ی ئازار لە چەمچەماڵ و هەڵەبجە و عەربەت و زەڕایەن و سمود و نەسر و باریکە و پیرەمەگروون و ئەڵلایی

لەی ٨ی ئازاری ١٩٩١ ڕاپەڕین لە چەمچەماڵ و هەڵەبجە و عەربەت و ئۆردووگاکانی (زەرایەن و سمود و نەسر و باریکە و پیرەمەگروون و ئەڵڵایی) دەستی پێ کرد و سەرجەم ئەو ناوچانە و ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان سلێمانی و کەرکووک و بەعقووبە بە خوێنی چەندان شەهیدی هاووڵاتی و کوژرانی چەندان کەس لە پیاوانی ڕژێم کۆنترۆڵ کران. هەر ئەو ڕۆژەش سەرجەم بنکەکانی پشتاوی سەر مامەندە و قەڵادزێ دابەزینە خوارەوە و بێ کوشتار خۆیان بەدەست گەلەوە دا. لەلایەکی ترەوە قەڵای (سووسێ)ی ڕژێم گیرا و بەرەو دووکان چوون و لەلای دۆڵی خەلەکانیش پێشمەرگە و جەماوەر هەر بەرەو بەنداوی دووکان دەهاتن، بۆیە بۆ ئێوارە ئەم ناوچەیەش بەتەواوی کۆنترۆڵ کرا.

٩ی ئازار کۆیە و شەقڵاوە و کفری

لە ٩ی ئازاری ١٩٩١دا جەماوەری شاری شەقڵاوە و کۆیەش ڕاپەڕین، ئەگەرچی سوپایەکی زۆر لە هەیبەت سوڵتان هەبوو و لە ٨ی ئازاردا چەند لیوایەکی زرێپۆشی زیادی هێنایە ئەوێ و لە هەواو لە زەمین بەرگرییەکی باشییان لە خۆ کرد، بەڵام لەبەر ئەوەی ناو شاری کۆیە ئازاد کرا، دواتر لە هەموو لا هەیبەت سوڵتان دەورە درا و کۆنترۆڵ کرا و سوپاکەی گیران. وێڕای ئەوەی کە ناوچەی شەقڵاوەش ئازاد کرا، بۆ ئێوارەش کاتژمێر ٤ی سەر لە ئێوارە لە ئۆردووگای زۆرەملێی ناحیەی (باسرمە) لە ناوچەی هەریر هەڵیان کوتایە سەر بنکەی پۆلیس و ئەوێش بۆ بەیانی پاک کرایەوە. لەلایەکی ترەوە لەلای کفری ڕاپەڕین هەمان ڕۆژ سەریهەڵدا کە بووە هۆی ئازادکردنی کفری و (باوەنوور) و بەرزاییەکانی.

١٠ی ئازار ناوچەکانی (مەسیف، تەقتەق، ڕەواندز، قەرەهەنجیر، ئاغجەلەر، هەریر، باتا، خەلیفان، سپیلک، سۆران، چۆمان، حاجی ئۆمەران و مێرگەسوور) ڕاپەڕتن سەریهەڵدا.

لە ١٠ی ئازاری ١٩٩١، جەماوەری مەسیف و تەقتەق و ڕەواندوز قەرەهەنجیر و ئاغجەلەر و هەریر و باتاس و خەلیفان و سپیلک و سۆران و چۆمان و حاجی ئۆمەران و مێرگەسوور و سەرجەم ئەو ناوچانە ڕاپەڕین و لە چەند کاتژمێرێکدا ئازادیان کردن، بە جۆرێک کاتژمێر ١ی دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە سەرەتا کۆڕێ گیراو پاشان مەسیف ئازاد کرا و لە سەعات ١٢ی نیوەڕۆ هەریر و باتاس ڕاپەڕین و سپیلک و دۆلی (بیاو و بێخمە) ئازاد کران، لە کۆیە لە هەمان ڕۆژ جەماوەر و پێشمەرگە بەرەو تەقتەق پێشڕەوییان کرد و خەڵکی ئەوێش لەم ڕۆژەدا ڕاپەڕین و ئازادیان کرد، هەر ئەو ڕۆژەش ئۆردووگای بەستۆرەش ئازاد کرا، کە بەدەیان کەس لەو ناوچانە لە پیاوانی ڕژێم کوژران و چەندان پێشمەرگە و هاووڵاتیانیش شەهید بوون، بۆ وێنە لە شەقڵاوە ٣٣ پێشمەرگە شەهید بوون، پاشان هەر هەمان ڕۆژ خەڵکی قەزای (دوزخورماتوو)ش لەدژی دامودەزگاکانی حکوومەتی بەعث ڕاپەڕین و سەرکەوتنیان تۆمار کرد.

١١ی ئازار هەولێر

لە١١ی ئازاری ١٩٩١دا، جەماوەری شاری هەولێر هەر لە سپێدەی بەیانییەوە لە گەڕەکەکانی "شۆڕش" و "مەلایان" و "برایەتیی سەرەوە" ڕژانە سەر شەقامەکان و بارەگاکانی ڕژێم و لە کاتژمێر ٩ی بەیانی سەرجەم جەماوەر و گەڕەکەکان ڕژانە سەر شەقام و کووچە و کۆڵانەکان و بەیەک دەست دا ڕژانە سەر سەرجەم بارەگا و دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم، بەتایبەت دائیرەی ئەمن و جەیشی شەعبی و ئەمنی تەواری و مەنزوومەی شیمالی و بنکەکانی پۆلیس و هتد. کە تا ئێوارە سەرجەم ئەو بارەگایانە کۆنترۆڵ کران، تەنها لە دایەرەی ئەمن و مەنزومەی شیمالی بەرگرییەکی سەختیان کرد، بۆیە کوژراوێکی زۆریان لێ کەوتەوە و هەندێک لەوانەی لەوێ گیران، لەلایەن تووڕەیی جەماوەرەوە گوللەباران کران. هاوکات لە هەمان ڕۆژ ڕاپەڕین لەسەرجەم ئۆردوگاو ناوچەکانی دەوروبەری هەولێریش دەستیان پێ کرد، بۆ وێنە لەلای سەرەوە هێزی پێشمەرگە و جەماوەر پێ بە پێ لە دێگەڵەوە پێداهات کە هەموو بان و بەزراییەکانی سوپا و پادگاکانی ڕژێمی پاک کردەوە تا دەگاتە کەسنەزان، بۆیە کەسنەزان و بنەسڵاوە بەبێ شەڕ تەسلیم بوون و لە دارەتووش بە نیو کاتژێر ناوەندی پۆلیس گیرا. لەوێ شەهید درا و ڕژێمیش کوژراوی هەبوو، ئۆردوگاکانی قوشتەپە و شاوێس و پیرزین و مەلا ئۆمەریش هەر زوو ئازاد کران، پاشان هاوکات ئۆردووگاکانی جدیدە و تۆبزاواش ڕاپەڕین و دوای چەند کاتژمێرێک شەڕ ئازاد کران و بە خوێنی چەند هاووڵاتییەک و کوژرانی زۆرێک لە پیاوانی ڕژێم و لە هەمانکاتدا لە ئۆردووگای خەبات هەڵیان کوتایە سەر بازگەی ئاسکی کەڵەک و هەر زوو کۆنترۆڵیان کرد و دواتر ئۆردووگاکانی کەورگۆسک و بەحرکە و بەرحوشتر ڕزگار کران.

لەلایەکی ترەوە بۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ فەیلەقی ٥ی سەربازگەی هەولێر کۆنترۆڵ کرا. بۆ بەیانیی ١٢ی ئازار پادگاکانی سەر بەرزاییەکانی ڕەشکین و کانی قرژاڵە و ڕێی گوێر و مەخموور گیران و خۆیان تەسلیمی خەڵک کرد و بەدەیان هەزار سەربازیش لەوانەی پارێزگاری هەولێر و سەربازگەکانی سەر و کە شۆڕ دەبونەوە و بەرەو مووسڵ و کەرکوک دەچوون بێ ئەوەی لەلایەن خەڵک و پێشمەرگە بگیرێن و بکوژرێن، بەڵکو نان و ئاویشیان پێ دەدرا.

١٢ی ئازار جەلەولا و مەخموور و ئاکرێ و خانەقین و شێخان

لە ١٢ی ئازاری ١٩٩١دا، جەماوەری جەلەولا ڕاپەڕین و تا ئێوارە ناو شاری جەلەولا و دەوروبەریان ئازاد کرد، بەڵام دواتر ڕژێم لە هەوا و لە زەمینەوە بەچەکی قورس تۆپبارانی کردن، بۆیە چەندان هاووڵاتی لەوێ شەهید بوون و ڕژێمیش زیانێکی زۆری مادی و مەعنەویی پێ کەوت.

لەلایەکی ترەوە هەر هەمان ڕۆژ ناحیەی مەخموریش لە خواروی هەولێر ئازاد کرا و لە ڕێگای مووسڵیش لافاوی جەماوەر لەزێی کەڵەک پەڕییەوە بادینان. بۆیە هەر ئەو ڕۆژە ئاکرێ و ناحیەی (بجیل و سورچیایەتی و بەردەڕەش و دینارەتی زێبار) تا دەگاتە (شێخان) و سەرزێی خازر ئازادکران و هەمان ڕۆژیش خانەقین ئازاد کرا.

١٣ی زاخۆ و پردێ و جەبارە و کۆڵەجۆ

لە ١٣ی ئازاری ١٩٩١دا، لەو سەری سنوورەوە جەماوەری زاخۆ و دەروبەری ڕاپەڕین. سەرەنجام ناو شاری زاخۆ و کۆمەڵگەی (هیزاوە و دەرکار عەجەم) ئازاد کران و ڕاپەڕین گەیشتە دەشتی (سلێڤان) و چیای بێ خێر هاتنە ئازاد کرن و پاش ماوەیەیەکی دیکە ڕەخێ سۆرا لە سنووری کەرکوک و شارۆچکەی پردێ ئازاد کران و لە گەرمیانیش کەلار و ناحیەی جەبارە و کولەجۆ ئازاد کران
.

١٤ی ئازار دهۆک

لە ١٤ی ئازاری ١٩٩١دا، لەگەڵ هەڵاتنی خۆی بەیانی، جەماوەری دهۆک لە گەڕەکی بەرۆشکێی لای سەرەوە سەریان هەڵدا و بە تێکڕا دەوری دائیرەی ئەمن و ئیستخبارات و پۆلیس و ئالیات و لیواو فیرقەی حزبی بەعسیان دا و هێرشیان کردە سەر؛ تا نیوەڕۆ هەموویان گیران. جگە لەئەمنخانە نەبێ کە شەڕی مان و نەمانیان کرد، بۆیە زۆربەیان کوژران، دواتر لیواکەش تەسلیم بوو، بەمەش ناوچەکانی (زاوێتە و مانگێش و باگێرا و سەرسەنگ و ئەنیشک و بامەڕنێ و دێرەلوک و ئامێدی و سیرینێ و شێلادزێ و باتوفە و بێ گۆڤا) و هتد ئازاد کران. پاشان ناوچەکانی (کانی ماسی و ناوچەی بەرواری باڵا و ریکان) بۆیە پایەگاکانی سەر چیاکانی گاراومەتین و چیای شیرین و چیای فاتێ و چیای بارزان و چیای بامەڕنێ بۆ خۆیان تەسلیم بوون.

٢١ی ئازار، هاوکات لەگەڵ نەورۆز، شاری کەرکووک

پاش ڕزگارکردنی هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان و کۆنترۆڵکردنیان لەلایەن هێزە سیاسییەکان و جەماوەری کوردستانەوە، تاقە شار کە مابووە ڕزگار بکرێت، شاری کەکووک بوو، بۆیە سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە و بە هاوکاریی یەکتر و ڕێکخستنەکانی ناوشار و جەماوری کەرکووک ئامادەکارییان کرد و سەرەنجام ڕۆژی 21ی مانگ سەرجەم شاری کەرکووکیش ئازاد کرا و بە خوێنی دەیان شەهیدی پێشمەرگە و جەماوەر ئەم دەسکەوتنە نەتەوەییە تۆمار کرا.

جێگەی باسە ڕزگارکردنی شاری کەرکووک زۆری نەخایاند و پاش ماوەیەیەک حکوومەت بە چەک و چۆڵی زۆری و هێزێکی دڕندەوە و بە یارمەتیی (موجاهدینی خەڵقی ئێران) کە ئەوکات لە بەغدا بوون، شاری کەکووک لەدەستی خەڵک دەرهێنرایەوە و خەڵک ئاوارە بوون و پاشان دیسان حکوومەت هێرشی زەمینی و ئاسمانی بۆ سەر شارەکانی کوردستان و بۆردومان دەست پێ کرد و لەوێوە "کۆڕەوی مێژوویی" خەڵکی باشوور و بەرەو سنوورەکانی ئێران و تورکیا ئاوارە بوون.


جۆری یەکە
گرۆس
کۆی گشتی
پێشەکی
قیستی مانگانە
دوو نوستن 115,3m2 $70,000 $15,000 $100
سێ نوستن 167,4m2 $109,000 $25,000 $200
سێ نوستن 169,3m2 $110,000 $25,000 $200
Zeytun
residentials
0770 553 3333 0770 053 3333
بەبێ دەفعاتی ساڵانە

نەورۆزی ساڵی ٢٧٢٥ کوردی و هاتنەوەی بەهار بیێتە مەشخەڵێک بۆ هەموو کوردێک لە هەر کوێیەکی دنیا بێت ، نەورۆزی کوردان پیرۆز بێت.
یادنامە
٢٧٢٥ ی کوردی
٢٠٢٥ی زاینــی






بیلجوملە دەچوونە دەر ژ مالان
حەتتا دەگەهیشتە پیر و کالان
رۆژا کو دەبوویە عیدێ نەورۆز
تەعزیم ژ بۆمە دەما دل ئەفرۆز

## ئەحمەدی خانی



بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی رۆشنبیری
گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی
(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،
یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان




sarkawt_47@hotmail.com
0031615852703
Raufalanny3018@gmail.com
009647701553018
sharazwri@gmail.com
009647701961087

## نزای بەربانگ
### ستار محەمەد



وەک تابلۆی ناو پێشانگایەک
ڕەمەزانە و بۆ نیگایەک
خەریکە کوێرایم دایە
دیدارو بینینی یاریش
وەک شەربەتی بەربانگ وایە
تەنیا هەر ڕۆژووم ئەشکێنێ و
تینوێتیم، تەسەللای نایە
فریشتەکان ئاگادارن
بێدارن، فەرمانبەردان
پێش ئەوەی
ڕۆژوی بشکێنێ
بێباکانە دڵمی شکان.
ئەو حازری دا بە قەرزێ
من هەردوکیان.
بۆیە ویژدان لای ئەو سەڵتە و
لای من دوگیان